سەرۆک بارزانی و ئەیاد عەلاوی: پێویستە پێکهاتەی حکوومەتی داهاتوو نوێنەرایەتیی هەموان بکات

هیچ لایەنێکی سیاسی ناتوانێ لەبارەی بڕیارە چارەنووسسازەکانی دەوڵەت و داهاتووەکەی تاکڕەوی بکات



دوێنێ شەممە 2020/2/15 سەرۆک بارزانی و دکتۆر ئەیاد عەلاوی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا و جەختیان لەوە کردەوە کە پێویستە پێکهاتەی حکوومەتی داهاتووی عێراق نوێنەرایەتیی هەموان بکات. دوای کۆبوونەوەکەش لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا ئاماژەیان بەوە داوە، کە لە کۆبوونەوەکەدا بە وردی باس لە پێشهاتەکانی ڕەوشی عێراق و ناوچەکە و بابەتی پێکهێنانی حکوومەتی ئینتیقالیی داهاتووی عێراق کراوە و هەردوولاش لەسەر سێ خاڵ ڕێککەوتوونە.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیەندراوی هاوبەشی کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی و دکتۆر ئەیاد عەلاوی

ڕۆژی شەممە 2020/2/15 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە بەڕێز دکتۆر ئەیاد عەلاوی و شاندێکی یاوەری کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا بە وردی باس لە پێشهاتەکانی ڕەوشی عێراق و ناوچەکە و بابەتی پێکهێنانی حکوومەتی ئینتیقالیی داهاتووی عێراق و هەردوولا لەسەر ئەم خاڵانە ڕێک کەوتن:

یەکەم: هەردوولا جەختیان کردەوە کە عێراق پێویستی بە مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی هاوکاریی وڵات بکەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی تیرۆر، بەتایبەتییش بە ڕەچاوکردنی جموجۆڵەکانی ئەم دواییەی داعش.

دووەم: عێراق وڵاتی فرەیی و پێکهاتەکانە و هیچ لایەنێکی سیاسی ناتوانێ لەبارەی بڕیارە چارەنووسسازەکانی دەوڵەت و داهاتووەکەی، تاکڕەوی بکات، چونکە ئەوە دەبێتە هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی وڵات و ئاشتیی کۆمەڵایەتی.

سێیەم: پێویستە پێکهاتەی حکوومەتی داهاتوو نوێنەرایەتی هەموان بکات و هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەشداریی تێدا بکەن تا یەکانگیریی نیشتمانی و خواستە ئاشتیخوازانەکانی خۆپێشاندەران و بزاڤی جەماوەری، بگرێتەخۆی.

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5933) یەک شەممە 16ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

جێگری سوپاسالار پێشمەرگە: هەموو چالاکی و هەماهەنگییەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ پێشمەرگە دەستی پێکردووەتەوە

بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ، هەماهەنگی و هاوکاریی هاوپەیمانان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامە و دەشڵێ، ئەوەی پێشتر هەبوو لە نێوان پێشمەرگە و هاوپەیمانان، بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستیی تازە دروستدەکرێن

بە ئامادەبوونی 30 سەرۆک و سەرۆکوەزیران و 70 وەزیری ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتان

56ەمین کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن بەڕێوەدەچێت

ڕۆژی هەینی بە ئامادەبوونی 30 سەرۆک و سەرۆکوەزیران و 70 وەزیری ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتان، 56ەمین کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە ئەڵمانیا دەستی پێکرد. بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە، فۆڵگانگ ئیشینگەر لە گوتارێکدا کە لە ڕێورەسمی کردنەوەی کۆنفرانسەکە پێشکەشیکرد، ئاشکرای کرد، قەبارەی ناکۆکییەکان لە جیهاندا بەرزبووەتەوە، و ناکرێت دۆخی ئەمنیی و ناسەقامگیریی ئێستا قبوڵ بکرێت. ئیشینگەر ئاماژەی بە نەبوونی کاری هاوبەش لە نێوان وڵاتاندا لەپێناو سەرکەوتن بەسەر قەیرانە قوڵەکان و ئەوە هەڕەشانە کرد کە ڕووبەڕووی ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتیی بوونەتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆبوونەوە

مەسرور بارزانی: پێویستە لە هەر گۆڕانکاریی و پێشهاتێکدا پێگەی دەستووریی هەرێمی کوردستان پارێزراوبێت

ڕۆژی هەینی 2020/2/14 لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مایک پۆمپێیۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا، دوایین پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە تایبەتی لە بواری ئابووری و هەماهەنگی زیاتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر تاوتوێ کرا.

جەخت لە گرنگیی سەقامگیربوونی دۆخی عێراق و مانەوەو بەردەوامبوونی هێزەکانی ئەمەریکا وەک بەشێک لە هاوپەیمانیی دژی تیرۆر و ڕۆڵی گرنگی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە کرایەوە. هەر لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق کرا. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە لە هەر گۆڕانکاریی و پێشهاتێکدا، پێگەی دەستووریی هەرێمی کوردستان پارێزراوبێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کۆدەبێتەوە

وەزیری دەرەوەی ڕووسیا: ڕووسیا پشتیوانی لە مافەکانی گەلی کورد لە ناوچەکە دەکات


سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: داوا لە ڕووسیا دەکەین ڕۆڵی گرنگی خۆی لە سەقامگیربوونی دۆخی سووریا و ڕێزگرتن لە مافەکانی گشت پێکهاتەکان و لە نێویشیاندا گەلی کورد بگێڕێت



دوێنێ شەممە 2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری میونشن لەگەڵ سێرجی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پێشهات و گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕووسیا کرا. وەزیری دەرەوەی ڕوسیا ئاماژەی بەوەدا کە ڕووسیا پشتیوانی لە مافەکانی گەلی کورد لە ناوچەکە دەکات. گوتیشی دەمانەوێت دۆخی عێراق ئارام وسەقامگیر بێت و ڕێگە لە چالاکبوونەوەی تیرۆریستانی داعش بگیرێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لە گرنگی هێربوونی دۆخی ناوچەکە بە تایبەتی سوریا کردەوە و داواشی لە ڕووسیا کرد ڕۆڵی گرنگی خۆی لە سەقامگیربوونی دۆخی سووریا و ڕێزگرتن لە مافەکانی گشت پێکهاتەکان و لە نێویشیاندا گەلی کورد بگێڕێت.

گۆڕەپانی تەحریر... چەند چەکدارێکی نەناسراو بە دەمانچەی بێدەنگ خۆپیشاندەرێکیان کوشت



لە ئاکامی دەستڕێژی چەند چەکدارێکی نەناسراو لە گۆڕەپانی تەحریری ناوەڕاستی بەغدا، خۆپیشاندەرێک کوژرا. ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب لە پۆلیسی بەغدا ڕایگەیاند، چەند چەکدارێکی نەناسراو بە دەمانچەی بێدەنگ تەقەیان لە خۆپیشاندەرێک کرد لە گۆڕەپانی تەحریر و بەهۆی دەستڕێژی گوللەوە دەستبەجێ خۆپیشاندەرەکە کوژرا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

مارک ئێسپەر: لە ئێستادا دۆخی عێراق ئاڵۆزە



وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، مارک ئێسپەر ڕایگەیاند، واشنتۆن پابەندە بە پشتیوانییکردنی هێزە عێراقییەکان لە چوارچێوەی شەڕی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش. مارک ئێسپەر لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لەگەڵ هاوتا ئەڵمانییەکەی، ئانگرێت کرامپ کارنباوەر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشی سازکرد. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

بە ئامادەبوونی 30 سەرۆک و سەرۆکوەزیران و 70 وەزیری ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتان

56ەمین کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن بەڕێوەدەچێت



رۆژی هەینی بە ئامادەبوونی 30 سەرۆک و سەرۆکوەزیران و 70 وەزیری ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتان، 56ەمین کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە ئەڵمانیا دەستی پێکرد.

بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە، فۆلکگانگ ئیشینگەر لە گوتارێکدا کە لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنفرانسەکە پێشکەشیکرد، ئاشکرای کرد، قەبارەی ناکۆکییەکان لە جیهاندا بەرزبووەتەوە، و ناکرێت دۆخی ئەمنیی و ناسەقامگیریی ئێستا قبوڵ بکرێت.

ئیشینگەر ئاماژەی بە نەبوونی کاری هاوبەش لە نێوان وڵاتاندا لەپێناو سەرکەوتن بەسەر قەیرانە قوواڵەکان و ئەوە هەڕەشانە کرد کە ڕووبەڕووی ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتیی بوونەتەوە.

بەڕێوەبەری کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن ئەوەیشی ڕوونکردەوە کە 56ەمین کۆنفرانسی ئاسایشی میونش بە بەشداریی 30 سەرۆک و سەرۆکوەزیران و 70 وەزیری ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتان، هەروەها نوێنەری باڵا لە بواری سیاسیی و ئابووریی و سەربازیی و هەواڵگرییەکان بەڕێوەدەچێت. هاوکات زیاتر لە 500بانگهێشتنامە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکە ئاڕاستەی کۆمپانیا، ئەکادیمیست و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کراون. لە میانی کارەکانی کۆنفرانسەکەدا تاوتوێی سیاسەتی بەرگریی و ئاسایشی وڵاتان و ئاسایشی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆجی و مەترسییەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ سیخوڕیکردن و تێکدانی ژێرخانی وڵاتان، دەکرێت، هەروەها باس لە مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دەکرێت.

هاوکات باس لە پرسی وڵاتانی ڕووسیا، لیبیا، ئێران و چین و داهاتووی ئەفریقا دەکرێت. دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا ڕێکاری ئەمنیی فراوانیان گرتووەتەبەر و لەو چوارچێوەیەشدا پێنج هەزار پۆلیسیان ئەرکدار کردووە بۆ پاراستنی ناوچەی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە.

جێی باسە، ڕۆژی پێنجشەممە 2020/2/13 بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی شاندێکی حکومی، بەڕەو ئەڵمانیا بەڕێکەوت بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن.

لە کۆنفرانسەکەدا کە تاکو ئەمڕۆ یەکشەممە 2020/2/16 بەردەوام دەبێ، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە «لە پەراوێزی کۆنفرانسی میونشن چەندین دیدارمان لەگەڵ گەورە بەرپرسانی جیهان دەبێت و باس لە قوربانیدانەکانی پێشمەرگە قارەمانەکان لە شەڕی دژی تیرۆر و هەڕەشە بەردەوامەکانی داعش و تیرۆر دەکەین کە پێویستی بە هەماهەنگی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسیانە».



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا دەکات

سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا: بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان

هانی کۆمپانیاکانی هۆڵەندا دەدەین بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنانی هۆڵەندی لە هەرێمی کوردستان

دوێنێ شەممە 2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە مارک ڕووتە سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا کرد. لە کۆبوونەوەکەدا بارۆدۆخی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا.

سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا ڕایگەیاند کە پەیوەندییەکی بەهێزمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و بەردەوامیش دەبین لە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.

گوتیشی هانی کۆمپانیاکانی هۆڵەندا دەدەین بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنانی هۆڵەندی لە هەرێمی کوردستان.

سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا ستایشی بەرنامەی چاکسازیی کارگێڕی و دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و ئامادەیی خۆیشی بۆ هاوکاریکردنی دەربڕی.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتیوانیی هۆڵەندای کرد و تیشکی خستە سەر بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەمەچەشنکردنی ئابووری و گرنگیدانی زیاتر بە پرۆسەی وەبەرهێنان.

سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا: دەمانەوێت پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان فراوان بکەین

سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا لە چوارچێوەی بەڕێوەچوونی دووەم ڕۆژی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن بە ڕووداوی ڕاگەیاند، ئەوان دەیانەوێت پەیوەندی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێز بکەن و سەیری هەل و مەرجەکان دەکەن بزانن چۆن دەتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن.

مارک ڕووتە، سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا بە پەیامنێری ڕووداوی ڕاگەیاندووە کە هۆڵەندا لەڕووی سەربازییەوە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و 50 ڕاوێژکاریان لە هەولێر هەن مەشق بە هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن. سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا گوتیشی: وڵاتەکەیان لەڕووی کشتوکاڵ و چەندین لایەنی دیکە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان خۆشە و هەردوو حکوومەتەکە پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە.

سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا دەشڵێت، دەیانەوێت لەو چاکسازیانەش هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بن کە ئەنجامی دەدات. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانی نێوانیاندا، مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئێمە هاوبەشییەکی باش و دۆستایەتییەکی باشمان لەگەڵ هۆڵەندا هەیە و لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لەنێو ئەو دۆخەی هەیە بەیەکەوە کارمانکردووە. هەروەها بەیەکەوە شەڕی دژی داعش دەکەین و بەدڵنیاییەوە پەرە بە پەیوەندییەکانی نێوانمان دەدەین بەتایبەتی لە سێکتەری ئابووری.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا کۆبووەوە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: داعش هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ سەر ئاسایشی جیهان

وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا: بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردن و ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگە



ڕۆژی هەینی 2020/2/14 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری بەرگری ئەڵمانیا کرامپ کارنباور لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی دۆخی عێراق و ناوچەکە و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا کرا. وەزیری بەرگری ئەڵمانیا ستایشی دۆخی ئارام و ئاسایشی هەرێمی کوردستانی کرد و ئاماژەی بەوەکرد کە بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردن و ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگە. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی ئەڵمانیای کرد بۆ بەردەوامبوونیان وەک بەشێک لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر لە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە. جەختیشی کردەوە کە داعش هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ سەر ئاسایشی جیهان.

مەسرور بارزانی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ «زە ئەتلانتیک» لە بارەی سەرهەڵدانەوەی داعش هۆشداری دەداتە جیهان

داعش مانگانە نزیکەی 60 هێرش دژی هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئەنجام دەدات



K24/ مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە ئێستاکە داعش سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەیە و هۆشداریش دەدات، کە بە بەراوورد بە ساڵی2014 کاتێک چەکدارانی داعش توانیان ناوچەیەکی زۆر لە خاکی عێراق و سووریا داگیر بکەن، ئێستا ئەو گروپە بەهێزترن.

لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری ناسراوی ئەمەریکی "زە ئەتلانتیک"، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی سەرکردە و بەرپرسە باڵاکانیان لەدەستداوە، بەاڵم هێشتا داعش ماوە و ئێستاش خەڵکی دیکەیان هێناوەتە ڕیزەکانیانەوە و خەریکی خۆ بەهێزکردنەوەن.

گۆڤاری زە ئەتلانتیک، بەم شێوەیەک باس لە مەسرور بارزانی دەکات و تێیدا دەڵێت: ئەو سەرکردە کوردەی کە شاهێدی سەرهەڵدان و داڕمانی داعش بووە، هۆشداری دەدات بەوەی کە ئێستا داعش خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە و ئاشکراشی دەکات کە ئێستاکە داعش بە بەراوورد لەگەڵ شەش ساڵ لەمەوبەر زۆر بەهێز تر، ئەوکاتەی توانی چەند شارێک لە عێراق و سووریا داگیر بکات.

لەدرێژەی چاوپێکەوتنەکەیدا، مەسرور بارزانی ئاشکرای دەکات، کە هێشتا نزیکەی 20 هەزار چەکداری داعش لە عێراق و سووریا هەن و ڕاشیدەگەیەنێت، کە ئێستاکە داعش مانگانە نزیکەی 60 هێرش دژی هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئەنجام دەدات. لە دوای ئاڵۆزییەکانی ئەمدواییەی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە ناوچەکە، بەهۆی کوشتنی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس و وەاڵمەکانی ئێران و هێرشکردنە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، مەسرور بارزانی ڕایدەگەیەنێت: ئەو ئاڵۆزیی و گرژیانە کاریگەری نەگەتیڤی لەسەر شەڕی دژی تیرۆر دەبێت، کە ئەمەش پێویستە کاری لەپێشینەی هەموو لایەک بێت.

لەلایەکی دیکەوە، مەسرور بارزانی ئاماژە بەوە دەکات، کە هۆکاری سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونەوەی داعش، مانەوەی ئەو دۆخەیە کە یەکەمجار بووە هۆی سەرهەڵدانی داعش.

مەسرور بارزانی زیاتر ئەو بۆچوونەی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: ئەگەر خەڵک بێ کار بوو، ئومێدی نەبوو و ئاسایشی نەبوو، سەقامگیریی سیاسی نەبوو، زۆر ئاسانە بۆ گروپە تیرۆرستییەکان ئەو ڕەوشە بقۆزنەوە. بۆیە هەتا ئەو فاکتەرانە هێنەنەوە ئەوا گروپی وەکو داعش یانیش هاوشێوەی داعش دەمێننەوە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەمەریکا کۆدەبێتەوە

وەزیری بەرگری ئەمەریکا: لە پشتیوانیکردن و راهێنانی پێشمەرگە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بەردەوام دەبین

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: هاوپەیمانێتی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا

دوێنێ شەمە 2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دووەم رۆژی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، لەگەڵ مارک ئیسپەر وەزیری بەرگری ئەمەریکا کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا گۆڕانکاریی و پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا.

وەزیری بەرگری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەدا کە هەرێمی کوردستان هاپەیمانێکی گرنگی ئەمەریکایە لە ناوچەکە، گوتیشی ئێمە لە پشتیوانیکردن و راهێنانی پێشمەرگە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هەڕەشەکانی داعش بەردەوام دەبین.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتیوانیی ئەمەریکای کرد و جەختی لەوە کردەوە کە هاوپەیمانێتی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری وزەی ئەمەریکا کۆبووەوە

وەزیری وزەی ئەمەریکا: هەرێمی کوردستان بە هۆی لێهاتوویی سەرکردایەتییەکەی کاری موعجیزە ئاسایان کردووە

رۆژی هەینی 2020/2/14 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری میونشنی ئەڵمانیا لە گەڵ دان بروللیێت وەزیری وزەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا بەتایبەتی لە بواری وزەدا کرا. هەروەها جەخت لە بەهێزکردنی پەیوەندی بازرگانی و رۆڵی وبەرهێنانی ئەمەریکی لە هەرێمی کوردستان کرایەوە. وەزیری وزەی ئەمەریکا ئاماژەی بە پێشکەوتنی ئابووریی هەرێمی کوردستاندا کرد و گوتی هەرێمی کوردستان بە هۆی لێهاتوویی سەرکردایەتییەکەی کاری موعجیزە ئاسایان کردووە.

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتیوانیی ئەمەریکای کرد و گوتی هیوادارم هەماهەنگیمان زیاتر و بەردەوام بێت.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا دەکات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی گرنگی سەقامگیربوونی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە دەبێت

دوێنێ شەمە 2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە شاری میونشن لەگەڵ شاندێکی گەورەی کۆنگرێسی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی سیناتۆر لیندسی گراهام کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی عێراق وناوچەکە تاوتوێ کرا و، شاندی کۆنگرێس پشتیوانی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە و ئاماژەیان بەوەدا کە هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکانی کرد و گوتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لەوەی فاکتەرێکی گرنگی سەقامگیربوونی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە بێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی کوەیت کۆدەبێتەوە

سەرۆک وەزیرانی کوەیت: پەرەپێدانی پەیوەندیی بازرگانیمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە گرنگ دەزانین



دوێنێ شەمە 2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی کوەیت شێخ سەباح حەمەد ئەلسەباح کۆبووەوە.

لە دیدارەکەدا باروودۆخی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و کوەیت تاوتوێ کرا. سەرۆک وەزیرانی کوەیت ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕی بۆ گەشەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بواری بازرگانیدا.

سەرۆک وەزیرانی کوەیت ئاماژەی بەوەدا کە هەرێمی کوردستان رۆڵێکی گرنگی لە ناوچەکەدا هەیە و دەرفەتی باشی وبەرهێنانیش لە هەرێم هەیە و پەرەپێدانی پەیوەندیی بازرگانیمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە گرنگ دەزانین.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی دەوڵەتی کوەیتی کرد بۆ گرنگیدانی بە پەیوەندیی لەگەڵ هەرێم و گوتیشی زەمینەیەکی لەبار بۆ وبەرهێنان هەیە و هەموو ئاسانکارییەکی پێویست بۆ وبەرهێنەرانی ناوخۆیی و دەرەکی دەکەین.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی بولگاریا کۆبۆوە

سەرۆک وەزیرانی بولگاریا سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بانگهێشتی بولگاریا کرد





سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاندێکی پەرلەمانی ئەڵمانیا دەکات

دوێنێ شەمە 2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی پەرلەمانی ئەڵمانیا کرد کە پێکهاتبوون لە پەرلەمانتاران نیل شمید و کارستن شنایدەرو فیختز فەیگنترۆی لە پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا.

لە کۆبوونەوەکەدا پەرلەمانتارانی ئەڵمانیا ئاماژەیان بە رۆڵی گرنگی هەرێمی کوردستان دا وەک فاکتەری سەقامگیریی لە عێراق و ناوچەکەدا. جەختیان لە گرنگیی بەردەوامبوونی هاوکاری و راهێنانی هێزی پێشمەرگە کردەوە لە رووبەڕووبوونەوەی داعشدا. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی هاوکارییەکانی ئەڵمانیای بۆ هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی پێشمەرگە کرد و هەروەها باسی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بە تایبەتی لە هەمەچەشنکردنی ئابووریی و سەرچاوەکانی داهات و گرنگیدانی زیاتر بە وبەرهێنان بە پێی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان.

رۆژی هەینی 2020/2/14 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، لەگەڵ بۆیکۆ بۆریسۆڤ سەرۆک وەزیرانی بولگاریا کۆبووەوە. لە دیدارەکەدا، باروودۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بولگاریا تاوتوێ کرا.

سەرۆک وەزیرانی بولگاریا ئاماژەی بەوەدا کە ئێمە کورد بە دۆستی خۆمان دەزانین و رەوەندێکی بەرچاوی کوردی لە بولگاریا هەیە و پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ کۆمەڵگەی بولگاری هەیە و ئامادەیی وڵاتەکەشی بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەربڕی بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و وزەدا. سەرۆک وەزیرانی بولگاریا سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشی بانگهێشتی بولگاریا کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا هەروەها گفتوگۆ دەربارەی گرنگیی هەبوونی هەماهەنگی زیاتر بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بەتایبەتی لە پێشکەشکردنی کارئاسانی زیاتر بۆ پرۆسەی وبەرهینانی ناوخۆیی و دەرەکی.



بەهینامەیەک ژ سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ

مە نووچەیا وەغەرا دوومانهیێ یا کەساتییا دیارا جڤاکی یا ئێزدی خودێ ژێ ڕازی بەشیر خەلیل ئاغا قاییدی، بهیست. ب ڤێ هەلکەفتنێ، بەهیداری و سەرساخیێ ل مالبات و کەسوکار و دۆست و هەڤالێت وی دکەین و هەڤشارێت خەما وانین. خوادێ مەزن سەبر و هەدارێ بدەتە وان و خودێ ژێ ڕازی بێخته بەر دلۆڤانییا خۆ.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ
15/2/2020

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە میونشن پێشوازی لە وەزیری بەرگریی عێراق دەکات

مەسرور بارزانی: لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتێکین کە زۆرینەی پێکهاتەکانی عێراق پشتیوانیی لێ بکەن و پابەندیش بێت بە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان





ڕۆژی هەینی 2020/2/14 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە شاری میونشن پێشوازی لە نەجاح شەمەری وەزیری بەرگریی عێراق کرد. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەبارەی گۆڕانکاریی و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە کرا. جەخت لە گرنگیی سەقامگیربوونی بارودۆخی عێراق کرایە. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە هەوڵەکانی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق کرد و گوتی ئێمە لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتێکین کە زۆرینەی پێکهاتەکانی عێراق پشتیوانیی لێ بکەن و پابەندیش بێت بە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەبارەی گرنگیی بەردەوامبوونی هەماهەنگیی زیاتری نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عیراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە بەردەوامەکانی تیرۆریستانی داعش کرا.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی ئوردن دەکات

دوێنێ شەمە 2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری میونشن پێشوازی لە ئەیمەن سەفەدی وەزیری دەرەوەی ئوردن کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا، وەزیری دەرەوەی ئوردن سلاوو ڕێزی تایبەتی شاعەبدوڵڵای شای ئوردنی بە سەرۆکی حکومەت گەیاند و ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندییەکی بەهێزی مێژوویی لە نێوان ئوردن و هەرێمی کوردستاندا هەیە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی خاوەنشکۆ شا عەبدوڵڵای کرد بۆ پشتیوانییی بەردەوامیی لە هەرێمی کوردستان و سەقامگیریی دۆخی عێراق.

لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئوردن تاوتوێ کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی دەکات

ئەبولغەیت: هەرێمی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووی دەسەڵاتداریيە لە عێراق



دوێنێ شەمە 2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری میونشن پێشوازی لە ئەحمەد ئەبولغەیت ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی ستایشی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی کرد و گوتی هەرێمی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووی دەسەڵاتداریيە لە عێراق ئەمەش بۆ لێهاتوویی و دانایی سەرکردایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی و ئێوە دەگەڕێتەوە. گوتیشی کۆمکاری عەرەبی پشتیوانیی لە مافەکانی گەلی کورد دەکات لە چوارچێوەی عێراقدا. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی هەڵوێستی کۆمکاری عەرەبی کرد و هیوای خواست ڕۆڵێکی ئەرێنی لە سەقامگیربوونی دۆخی عێراق و ناوچەکەدا بگێڕێت.

ڕاگەیەندراوێک لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە لە بارەی شەقامی 100 مەتریی سلێمانی

نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە بارەی شەقامی100 مەتریی سلێمانی ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

جەماوەری خۆشەویستی شاری هەڵەمت و قوربانی ئاگادار دەکەینەوە، کە لە دوای پێداچوونەوەی لێژنە تەکنیکیەکانی پەیوەندیدار بە پرۆژە ستراتیژییەکانی هەرێمی کوردستان و بە ڕەچاوکردنی دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان، زۆرێک لە پرۆژەکان ئامادەی جێبەجێکردن کراون، لەوانەش پرۆژەی شەقامی سەد مەتریی سلێمانی لە لایەن بەرێز سەرۆک وەزیرانەوە بە هەمان دیزاینی خۆی ڕەزامەندیی لەسەر دراوە و لەم نزیکانە و دوای گونجاوبوونی کەش و هەوا و ئامادەکارییە بەراییەکان، دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت. لە هەمان کاتدا ئامادەکاری بۆ خستنەگەڕی پرۆژەی دیکە لە پارێزگای هەڵەبجەش دەکرێت، لەوانەش پرۆژەی پردی تووەقوتە کە هەڵەبجە و دەربەندیخان بەیەکتر دەبەستێتەوە.

نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2020/2/13

گۆڕەپانی تەحریر... چەند چەکدارێکی نەناسراو بە دەمانچەی بێدەنگ خۆپیشاندەرێکیان کوشت



لە ئاکامی دەستڕێژی چەند چەکدارێکی نەناسراو لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا، خۆپیشاندەرێک کوژرا. ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب لە پۆلیسی بەغدا ڕایگەیاند، چەند چەکدارێکی نەناسراو بە دەمانچەی بێدەنگ تەقەیان لە خۆپیشاندەرێک کرد لە گۆڕەپانی تەحریر و بەهۆی دەستڕێژی گوللەوە دەستبەجێ خۆپیشاندەرەکە کوژرا.

ئەفسەرەکە ئاماژەی بەوەشکرد کە دوای ڕووداوەکە کەشی تەرس و دڵەڕاوکێ بە گۆڕەپانەکەوە دیارە. لە لای خۆیەوە چالاکوانێکی خۆپیشاندانەکان گرووپە چەکدارییەکانی نزیک لە ناوی ئاشکرا بکرێت بە ئاژانسەکانی هەواڵی ڕاگەیاندووە، دوای ڕووداوەکە چەکدارەکان بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون و هێزە ئەمنییەکان لێکۆڵینەوەیان لەوبارەیەوە دەستپێکردووە.

ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە پشت ئەنجامدانی ئەو کارەوەن. چالاکوانەکە ڕاشیگەیاندووە، میلیشیا عێراقییەکانی نزیک لە ئێران خۆپیشاندەران و چالاکوانان دەکوژن. چالاکوانەکە ئەوەشی گوتووە: میلیشیاکان لە ڕێگەی ترساندنی خۆپیشاندەران دەیانەوێت کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنن.

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، زیاتر لە600 کەس کوژراون. لای خۆشیەوە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق ڕایگەیاندبوو، لە میانی خۆپیشاندانەکانی بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، لانیکەم467 خۆپیشاندەر کوژراون و زیاتر لە نۆ هەزاری دیکە برینداربوون.

جێگری سوپاسالار:
هەموو چالاکی و هەماهەنگییەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ پێشمەرگە دەستی پێکردووەتەوە



بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ، هەماهەنگی و هاوکاریی هاوپەیمانان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامە و دەشڵێ، ئەوەی پێشتر هەبوو لە نێوان پێشمەرگە و هاوپەیمانان، بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچێت.

لیوا قارەمان شێخ کەمال، جێگری سوپاسالاری وەزارەتی پێشمەرگە، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ڕاستە پێشتر هەموو چالاکی و هەماهەنگییەکانی هاوپەیمانان دژی داعش ڕاگیرابوون لە مەشق و چالاکیی ئاسمانی، بەڵام لە ئێستادا دەستی پێکردووەتەوە و لە هەموو ڕوویەکەوە هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە هەماهەنگی و هاوکارییان هەیە.

شێخ کەمال گوتیشی: بە شێوەیەکی گشتی هەموو هاوکاری و هەمانگییەکی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هێزی هاوپەیمان بەردەوامی هەیە چ لە ڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە بە هێزەکانی پێشمەرگە، یانیش پاڵپشتیی لۆجستی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.

عێراق.. هێرشێکی داعش لە دیالە کوژرانی دوو پۆلیسی لێکەوتەوە

لە ئاکامی هێرشێکی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە پارێزگای دیالە، دوو پۆلیس کوژران.

ئەفسەر لە پۆلیسی دیالە، حەبیب شەمەری ڕایگەیاند، چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر خاڵێکی پۆلیس لە شارەدێی بەهروز کە دەکەوێتە باشووری دیالە.

شەمەری ئاماژەی بەوەش دا لە هێرشەکەدا دوو پۆلیس گیانیان لەدەستداوە و بەمەبەستی دەستگیرکردنی تیرۆریستانیش دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کردووە.

مارک ئێسپەر: لە ئێستادا دۆخی عێراق ئاڵۆزە
واشنتۆن پابەندە بە مەشقپێکردن و پشتیوانییکردنی هێزە عێراقییەکان

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، مارک ئێسپەر رایگەیاند، واشنتۆن پابەندە بە پشتیوانییکردنی هێزە عێراقییەکان لە چوارچێوەی شەڕی دژ بە رێکخراوی تیرۆریستیی داعش. مارک ئێسپەر لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لەگەڵ هاوتا ئەڵمانییەکەی، ئانگرێت کرامپ کارنباوەر کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی هاوبەشی سازکرد.

ئێسپەر لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا رایگەیاند: ئەمەریکا پابەندە بە پێشکەشکردنی مەشق و ڕاوێژکاری لە عێراق، هەروەها بەردەوام دەبێت لە ئەرکی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بە رێکخراوی تیرۆریستیی داعش. ئێسپەر دوای کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش کە لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایش میونشن، رایگەیاند، دۆخی عێراق لە ئێستادا ئاڵۆزە، لە میانی کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی (نێودەوڵەتیی دژ بە داعش) بەتایبەت باسمان لە فراوانکردنی ڕۆڵی ناتۆ کرد لە عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی داعش. وەزیری بەرگریی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەشکرد، وڵاتەکەی کاردەکات بۆ هەماهەنگیی لەنێوان هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش و حکوومەتی عێراق بۆ یارمەتیدانی بەغدا و گوتی: کارەکانی هاوپەیمانییەکە کۆتایی نەهاتووە، و ڕێککەوتین لەسەر مانەوەمان بە هەستیاربیەوە.

لای خۆیەوە، ئانگرێت کرامپ کارنباوەر ئاشکرایکرد ئامانجی وڵاتەکەی مەشق و ڕاهێنانە بە هێزە عێراقییەکان، تاوەکو بتوانن لە داهاتوودا بەرەنگاری تیرۆر ببنەوە. کارنباوەر گوتیشی: ئەڵمانیا هاوبەشە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی، و بەردەوام دەبێت لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی لە شەڕی دژ بە داعش.



جێی باسە دوای ئەوەی 3ی کانوونی دووەمی ڕابردوو، هەریەک لە فەرماندەی فەیلەقی قودس سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە بۆردومانێکی ئاسمانیی ئەمەریکادا لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا کوژران، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش چالاکییەکانی لە عێراق هەڵپەسارد. دواتر ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنێکدا بڕیاریدا بە دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە وڵاتەکەدا و ئەمەیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە نایانەوێت عێراق ببێتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان ئەمەریکا و ئێران. ئەمەریکا لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش نزیکەی پێنج هەزار سەربازی وڵاتەکەی لە عێراق جێگیرکردووە.

ڕووسیا تورکیا بە هاوکاریکردنی تیرۆریستان تۆمەتبار دەکات
تورکیا جلوبەرگی سەربازیی سوپاکەی بەسەر تیرۆریستاندا دابەشکردووە



K24/ سەرچاوەیەکی دیپلۆماتاکاری سەربازیی ڕووسی ڕایگەیاند، تورکیا لە ئیدلب لێشاوی هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ چەکدارانی گرووپی تەحریر الشام "بەرەی نوسرەی پێشوو" چڕکردووەتەوە. میدیا ڕووسییەکان لەو سەرچاوە سەربازییە گواستیانەوە، "تورکیا زیاتر لە 70 زرێپۆش و 200 تانکی سەربازی و 80 تۆپهاوێژی ڕەوانەی ئیدلب کردووە، لەو ژمارەیەش بڕی هەرە زۆری ڕادەستی چەکدارانی گرووپی تەحریر شامی تیرۆریست کردووە". ئاماژەی بەوەشداوە، چەکدارانی ئەو گرووپە لەلایەن تورکیاوە مووشەکی دژەفڕۆکەی دروستکراوی ئەمەریکییان دەستکەوتووە و ئێستا بەکارهێنانی ئەو دژەموشەک و دژەفڕۆکانە لە لایەن گرووپە چەکدارەکانەوە، بووەتە گەورەترین سەرچاوەی مەترسی و نیگەرانی، بەتایبەت کە لەماوەی هەفتەیەکدا دوو فڕۆکەی هێلیکۆپتەری سوپای سووریا لە باکووری ئەو وڵاتە خراونەتە خوارەوە.

سەرچاوەکە گوتیشی: خاڵێکی دیکە کە بووەتە جێگای نیگەرانی ئەوەیە، کە تورکیا لە ئیدلب جلوبەرگی سەربازیی سوپاکەی بەسەر چەکدارانی ئەو گرووپە تیرۆریستییەدا دابەشکردووە و تیرۆریستان بەو جلوبەرگانەوە دەردەکەون. دووپاتیشیکردەوە، چەکدارانی سەر بە گرووپی تەحریر شام و گرووپە تووندڕەوەکانی دیکە بە پۆشاکی سوپای تورکیا بەشداری لە شەڕی دژ بە سوپای سووریادا دەکەن.

هەروەها گوتی: هێزەکانی سوپای سووریا لە ماوەی هەفتەیەکدا زیاتر لە20 زرێپۆش و پاسی نەفەرهەڵگریان تێکشکاندووە، کە تورکیا بە چەکدارانی ئەو گروپانەی دابوون. ئەمەش لەکاتێک دایە، پێشتر وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا تورکیای بە گرژییەکانی ئەم دواییەی ئیدلب تۆمەتبار کرد و دووپاتیکردەوە، کە تورکیا پابەندی بەڵێنەکانی یاداشتی سوچی نەبووە.

سەرۆکی ئەڵمانیا: ئەمەریکا و چین و ڕووسیا جیهان مەترسیدارتر دەکەن



دەنگی ئەمەریکا: سەرۆکی ئەڵمانیا فرانک ڤالتەر شتاینمار ڕەخنەی لە هاوتا ئەمەریکییەکەی سەرۆک دانۆڵد ترامپ گرت و واشنتن و ڕووسیا و چینی تۆمەتبار کرد بە تۆمەتی دروستکردنی ڕەوشێک لە بێ متمانەیی و نەبوونی ئاسایش لە جیهاندا، ئەمەش لەڕێی "پێشبڕکێکردن لەسەر ئەوەی کامیان بەهێزتر بن لەجیهاندا."

لە لێدوانێکیدا لە دەستپێکی کۆنگرەی ئاسایشی سالانەی میونخ، شتاینمایەر سەرکۆنەی چۆنێتی مامەڵەکردنی ئەو سێ وڵاتە زلهێزەی کرد لەگەڵ کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا. لە لێدوانەکەیدا شتاینمار گوتی: ڕووسیا هێزە سیاسییەکان و گۆڕانکارییە سنووربییەکانی کێشوەری ئەورووپا دووبارە وەکو هۆکارێکی سیاسیی بەکاردەهێنێت. سەبارەت بە چینیش گوتی: چین تەنها ئەو یاسا نێودەوڵەتییانە پەسەند دەکات کە دژ بە بەرژەوەندییەکانی نەبن.

هەروەها سەبارەت بە ئەمەریکا شتاینمار گوتی: سەبارەت بە نزیکترین هاوپەیمانمان، ئەمەریکا، ئەو وڵاتە لەڕێتر ئەم بەڕێوبەرایەتیەی ئێستایدا بیرۆکەی بوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕەت دەکاتەوە. هەروەها ڕاشیگەیاند: ئەنجامی ئەمانەش، نەمانی متمانە و زیادبوونی خۆپرچەککردن و کەمبوونەوەی ئاسایشە. هەموو ئەمانە دەبنە هۆی کێبڕکێیەکی نوێی خۆپرچەککردن بە چەکی ناوەکی. گوتیشی پێویستە ئەڵمانیا خەرجییە بەرگرییەکان لە ئاسایشی ئەورووپادا زیاتر بکات و هاوپەیمانێتیەکەی لەگەڵ ئەمەریکادا بپارێزێت، دانیشی بەوەدا نا کە ئەمەریکا بەرژەوەندییەکانی زیاتر لە ئاسیایە وەک لە ئەورووپا.

ئەمەریکا دەستبەسەرداگرتنی بەلەمێکی پڕچەکی ئێرانی لە دەریای عومان ڕاگەیاند



فەرماندەیی هێزەکانی ناوەندی ئەمەریکا، بڵاویکردەوە کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە دەریای عومان دەستیان بەسەر بەلەمێکی ئێراندا گرتووە کە بڕێکی زۆر چەکی قورسی تێدایە. لە ڕوونکردنەوەیەکدا فەرماندەیی هێزەکانی ناوەندی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە: 'سەربازانی ئەمەریکا لە کەشتی جەنگی نۆرماندی، لە 9ی شوباتدا لە کاتێکدا سەرقاڵی ئەرکی دەستبەسەرکردنی ئاسایشی دەریابوون لە ناوچەی فەرماندەیی هێزەکانی ناوەند، لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا دابەزینە ناو کەشتیەک و چەکێکی زۆریان لە کەشتیەکە دۆزیەوە.

لە ڕوونکردنەوەکەدا باس لەوە کراوە کە لێکۆڵینەوە لەبارەی بەلەمەکە درێژەی هەیە و، هاتووە: دەستگیراوە بەسەر 150 مووشەکی دژە تانکی جۆریDehlavi ATGM ڕووسی، سێ مووشەکی زەمین بە ئاسمانی دروستکراوی ئێران، شاشەی کۆنترۆڵکردنی چەکی گەرمی دروستکراوی ئێران، درۆنی ئێرانی و ژمارەیەکی زۆر پارچە چەکی دروستکراوی ئێران.

لە ڕوونکردنەوەکەدا ئەوەیش خراوەتەڕوو کە ئەو چەکانە هاوشێوەی ئەو چەکانەن کە لە 25ی تشرینی دووەمدا کەشتی جەنگیی USS Forrest Shermanی سەربەیە هێزی دەریای ئەمەریکا لە دەریای عومان دەستی بەسەرداگرت. لە ڕوونکردنەوەکەدا باس لەوە دەکرێت ڕەوانەی حوسییەکانی یەمەن کرابن، کە ئەوەیش پێشێلکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیە لەبارەی قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەک، گواستنەوە یان دەستەبەرکردنی چەک بۆ حوسییەکان. هاوکاتیش وێنە و دیمەنی دەستبەسەرداگرتنی بەلەمەکە و چەکەکانی ناوی بڵاوکرایەوە.

حەفتەر: تا لیبیا لە گرووپە چەکدارەکان پاک نەکەینەوە ئاگربەست و ئاشتی نابێت



خەلیفە حەفتەر فەرماندەی سوپای نیشتمانیی لیبیا کە دوو لەسەر سێی خاکی لیبیای لەژێر دەست دایە، ئاماژە دەدات کە تاکوو تەواوی لیبیا لە گرووپە چەکدارەکان پاک نەکەنەوە، ئاگربەست ڕانەگەیەنن و باسیش لە ئاشتییەکی بەردەوام بۆ لیبیا ناکەن. ئاژانسی سپوتنیکی ڕووسی بڵاوی کردووەتەوە، کە حەفتەر لە وتارێکدا لە شاری بنغازی لە لیبیا، باسی لە هێرشی سوپاکەی کردووە بۆ تەرابلووس و گوتوویەتی کۆنترۆڵکردنی تەرابلووس لەسەر کات وەستاوە، چونکە پێشڕەوییەکی زۆریان کردووە.

هەروەها حەفتەر گوتوویەتی کە بە هیچ شێوەیەک باس لە ئاشتییەکی بەردەوام و ئاگربەست ناکەن، تا لیبیا بە تەواوی لە گرووپە چەکدارەکان پاک نەکەنەوە. لە وتارەکەیدا حەفتەر هێرشی کردووەتە سەر تورکیا و، تۆمەتباری کردوون کە سەربازی بە پارەیان ناردووەتە تەرابلووس تا دژی گەلی لیبیا و سوپای نەتەوەیی لیبیا بجەنگن، بۆیە بەڵێنی داوە کە هەژموونی تورکیا لە لیبیا بە تەواوی کۆتایی پێ بهێنێت.

ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا 1500 کەسی لە چیندا تێپەڕاند و یەکەم حاڵەتی مردنیش بەم ڤایرۆسە لە فەرەنسا تۆمارکرا



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

دوێنێ فەرەنسا یەکەم حاڵەتی مردنی لە وڵاتەکەیدا بەڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند و حاڵەتێکی تووشبوونیش لە میسر تۆمارکرا و لەوڵاتی چینیشدا کە سەرچاوەی ڤایرۆسەکەیە ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئەم ڤایرۆسە مردون1500 کەسی تێپەڕاند و بەدەیان هەزار کەسیش ئێستا گیرۆدەی دەستی ئەم ڤایرۆسەن و زیاتر لە 1700 پزیشک و کارمەندی تەندروستی لەناو توشبوەکانی ئەم ڤایرۆسەن.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بڵاوی دەکەنەوە باس لەزیادبوونی ژمارەی قوربانییەکان دەکرێت و دەڵێن تەنها لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا نزیکەی 1400 کەس بوونەتە هەڵگری ئەم ڤایرۆسە کوشندەیە و هەموو ئەو هەوڵانەی تا ئێستا بۆ لەناوبردنی ئەم ڤایرۆسە دراوە هێشتا نەبوتە هۆی چاکبونەوەی 100%ی هیچ تووشبوویەک و ئێستا ژیانی دەیان پزیشک و کارمەندی تەندروستیش لەمەترسی دایە و تەنانەت دوێنێ 7 کەس لەتیمێکی پزیشکی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە لەشاری وهان گیانیان لەدەستداوە.

هەروەها لەوڵاتی میسریش تووشبوونی کەسێک بەم ڤایرۆسە ڕاگەیەنرا و بەرپرسانی تەندروستی میسر تەئکید دەکەنەوە کە ئەم کەسە میسری نییە و خراوەتە شوێنێکی تایبەت بۆ ئەوەی ڤایرۆسەکە بڵاو نەبێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە لەفەرەنساش ڕاگەیەنرا کەوا یەکەم حاڵەتی مردن لەوڵاتەکەیدا بەهۆی ئەم ڤایرۆسە تۆمار کراوە و بەوەش یەکەم مردنە بەم ڤایرۆسە لەدەرەوەی کیشوەری ئاسیا.

خودانێن دوکانێن وان ل ناڤ سەنتەرێ باژێرێ دهوکێ سوتین هاتنە قەرەبووکرن



دوهێ سپێدێ /2 /15 2020 ل دوڤ راسپاردێن بەرێز مەسرور بارزانی سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و ب ئامادەبونا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ و جەهوەر عەلی قایمقامێ قەزا دهوکێ و لیژنا دەستنیشانکرنا زیانێن رووداوا ئاگربەربوونا دوکانێن ناڤ سەنتەرێ باژێرێ دهوکێ ڕێورسمێن قەرەبوکرنا 43 دوکاندارێن زەرەرمەند هاتنە گێران.

لبەراهیێ پارێزگەرێ دهوکێ دپەیڤەکێدا بناڤێ خو و کارگێریا پارێزگەها دهوکێ و خودانێن دوکانێن ئاگربەربویە دوکانێن وان سوپاسیا سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ کر کو ل دوڤ فەرمانا جەنابێ وی 43 دوکاندار هاتنە قەرەبوکرن ب کوژمێ 855ملیون دیناران، هەروەسا بناڤێ خەلکێ پارێزگەهێ سوپاسیا جەنابێ سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بۆ یارمەتیا دانا خەلکێ دهوکێ و ئاڤاکرنا ژێرخانا ئابووری و خزمەتگوزاریان.

هەروەسا بو دابینکرنا سوتەمەنیا پێدڤی بو کاراکرنا وێستدگەهەکێ کارەبا کواشێ ژبو بەرهەمئینانا پتر ژ100 میگاواتێن کارەبێ کو ل سەر تورا نیشتمانی یا کارەبێ کوردستانێ وپارێزگەها دهوکێ دێهێنە زێدەکرن، هەروەسا رازیبون ل سەر نوژەنکرنا هولا مەحەمەد عارف جزیری ل ناڤ سەنتەرێ دهوکێ کریە کو بەری چەند سالا هاتبو سوتن.

گوت: بەری نوکە ژی دەمێ مە سەردانا جهێ رودانێ کری مە سوزدابو خودانێن وان دوکانا کو هاریکاریا وان دنوژەنکرنێ دا بکەین وئەو هاریکاری ژی مە بو وان کریە ئەم هیڤیدارین حکومەتا هەرێمێ هەردەم هاریکاربیت بو قەرەبوکرنا ڤان جورە روداناَ. پاش د ڕێورسمەکیدا 43 دوکاندار بکوژمێ 855 ملیون دینارا هاتنە قەرەبوکرن.

زاخو.. پێنج کەس دگەل 30 کیلوگرامێن هیرویێن هاتنە دەستەسەرکرن



خەبات- زاخو: ریڤەبەرێ ئاسایشا کومەلگەها سنوری یا ئیبراهیم خەلیل راگەهاند کو پێنج کەس دگەل 30 کیلوگرامێن هیرویێن ماددەیێن هوشبەر هاتنە دەستەسەرکرن.

عەبدولوەهاب موحەمەد عیسا راگەهاند، کو ب ئاسایشا ئیبراهیم خەلیل هەڤکاری دگەل ئاسایشا دهوک پێنج کەس دگەل 30 کیلو گرامێن ماددەیێن هوشبەر هیرویین هاتنە دەستەسەرکرن. هەروسا دیارکر، کو ئەو کەسێن هاتینەگرتن سێ ژوان دی ژی ئاکنجیێن کەمپا مەخموور بوون. هەژی ئامارە پێکرنێیە، بەری ماوەیەکی ئاسایشا ئیبراهیم خەلیل راگەهاند کو نیزیکی50 کیلویێن ماددەیێن هوشبەر دەستەسەرکرینە.

خەلکێ دەڤەرێ بون و دوویێن ئیبراهیم خەلیل هەڤکاری دگەل ئاسایشا دهوک پێنج کەس دگەل 30 کیلو گرامێن ماددەیێن هوشبەر هیرویین هاتنە دەستەسەرکرن. هەروسا دیارکر، کو ئەو کەسێن هاتینەگرتن سێ ژوان دی ژی ئاکنجیێن کەمپا مەخموور بوون. هەژی ئامارە پێکرنێیە، بەری ماوەیەکی ئاسایشا ئیبراهیم خەلیل راگەهاند کو نیزیکی50 کیلویێن ماددەیێن هوشبەر دەستەسەرکرینە.

بەرپرسی لقی 16 سەردانی ژمارەیەک لە هاووڵاتیان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی کرد



لەبەردەوامی دیدارو بەسەرکردنەوەی هاونیشتمانیان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و تەواوی چین و تویژە جیاجیاکانی سنوورەکە بە ئامانجی ئاگاداربوون لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانیان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی بە یاوەری ژمارەیەک لە کارگێڕانی لق سەردانی هەریەکە لە خاتوو ئاورینگ شێخ عەلی بەرێوەبەری دادنووسی خەبات و خاتوو ئامینە و دایکی شەهید مەحفوزو خانەوادەی کۆچکردوو محەمەد تاهیرو عومەر مەجید کادیرو پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلولی کرد.

لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر وپرسیاری هەواڵپرسین لە بەرایی تەندروستی و ژیان و گوزەران ئەو هاونیشتمانیانە بەوردی لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستییە هەنووکەییەکانی هاوڵاتیانی کۆڵییەوە لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و بەپەلە بۆیان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ خەڵکی سنوورەکە و جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەرێگای دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاماژەی بە رۆڵی قارەمانانەو گیانفیدایی ئەو پێشمەرگە هەرگیز نەمرانە کرد کە ئامادەبوون بەژیانی خۆیان بەرگری لەنیشتمان و نەتەوەکەیان بکەن، بۆیە بۆ هەمیشە لە دیرۆکی میللەتەکەماندا هەر بەزیندویی دەمێننەوە کە ئەمەش یەکێکە لەگەورەترین سەروەریەکانی مرۆڤ. هەر لەمیانی سەردانەکانیدا لەلایەن ئەو هاونیشتمانیانەوە چەندین پێشنیارو داواکاری خرانەڕوو بۆ لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و دابینکردنی خومەتگوزاری زیاتر بۆ هاوڵاتیانی سنوورەکە و لەلایەن خۆیەوە بڵند ئیسماعیل ئامادەیی هەموو جۆرە هاوکارییەکی دەربڕی کە لەرێگەیەوە خزمەت بەهاونیشتمانیان بکرێت.

ئەو تۆمەتبارەی بە چەقۆ هاووڵاتییەک و پۆلیسێکی بریندار کرد دەستگیرکرا



دوای ئەوەی بەرەبەیانیی دوێنێ لە کاتی نوێژی بەیانیدا لە مزگەوتێکی شاری هەولێر، تۆمەتبارێک بە چەقۆ کەسێکی بەسالّداچوو و پۆلیسێکی بریندار کرد، پۆلیس بەدواداچوونی وردی کرد و لە ماوەیەکی کەمدا تۆمەتبارەکەی دەستگیر کرد.

عەمید دلێر نەجارِ بەرپرسی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لەوبارەیەوە ڕایگەیاند، کاتژمێر 5:30ی بەرەبەیانیی شەمە /15/2 2020لە کاتی نوێژی بەیانیدا لە مزگەوتی عەبدولکەریم مودەڕیس لە هەولێر، کەسێک بە ناوی (ع.ل.م) هەڵیکوتاوەتە سەر مزگەوتەکە و داوای لە هاووڵاتییەکی بەسالّداچوو بە ناوی جەمیل محەمەد سالّح تەمەن 78سالّ کردووە کە پارەی پێ بدات، دوای ڕەتکردنەوەی داواکەی لە لایەن پیاوە بەسالّداچووەکەوە، تۆمەتبارەکە چەند چەقۆیەکی وەشاندووە و بە سەختی بریندار کردووە. ئەوەشی خستە ڕوو، بەداخەوە هەندێک پەیج و مالپەڕ بە مەبەست و بۆ بەلاڕێدابردنی دۆسیەکە نووسیویانە گوایە ئەو کەسەی هێرشی کراوەتە سەر مامۆستای ئایینییە، بەڵام لە ڕاستیدا هاووڵاتییەکی ئاساییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی ئێمە پاراستنی سەروماڵ و گیانی هاووڵاتیانە بە بێ جیاوازی.

عەمید دلێر نەجارِ ڕوونیشی کردەوە، لە کاتی هەڵکوتانە سەر هاووڵاتییە بەسالّداچووەکە، پۆلیسێکی فریاکەوتن بە ناوی بەختیار ستار ئیسماعیل لە کاتی بریندارکردنی تۆمەتبارەکەدا بریندار بووە، ئەرکدا لەوێ دەبێت، بۆیە بە هانای پیاوەکەوە دەچێت و لە ژێر چنگی ڕزگاری دەکات، بەڵام لە ئەنجامدا چەقۆیەکی بەردەکەوێت و ئەویش بریندار دەبێت.

ئامانجی هێرشەکە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام بەشێکیشی تێدا بووە بەهۆی دڕێژیی ماوەی مانەوەیان لە پۆستەکانیان لە چوارچێوەی پڕۆسەی چاکسازی و گۆڕانکارییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی ژمارەیەک گۆڕانکاریی تر لە پۆستە ئیدارییەکانی خۆی دەکات و لە سنووری شارەوانییەکانی هەولێر کۆمەڵێ مالپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، لە سنووری پارێزگای هەولێر، هەریەک لە بەرێوەبەری شارەوانیی چوار و بەرێوەبەری شارەوانیی دوو لە پۆستەکانیان لادران، هەروەها بەرێوەبەری ناوەڕێ هەولێر و بەرێوەبەری ناوی دەوروبەری هەولێر لە پۆستەکانیان دوور خرانەوە. ئەو سەرچاوەیە گۆڕانکاریی زۆر کراون. سەرچاوەیەکی ئاگەدار، بە ئەوەیشی خستە ڕوو کە بەشێک لە گۆڕانکارییەکان لە ئەنجامی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بوون، دوای ئەوەی سەرپێچی ئەو کەسانە ئاشکرا بووە و لە پۆستەکانیان دوور خرانەتەوە، بەڵام بەشێکیشی تێدا بووە بەهۆی دڕێژیی ماوەی مانەوەیان لە پۆستەکانیان دوور خرانەتەوە.

گۆڕانکاری لە پۆستە ئیدارییەکانی شارەوانییەکانی هەولێر دەکرێ

لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستیی تازە دروستدەکرێن



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: د محەمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگترین خاڵ کە جەختی لێکرابێتەوە لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە تەواوکردنی پرۆژە تەواونەکراوەکان بووە، کە ئێستا بەشێک لە پرۆژەکان دەستیان پێکردووەتەوە و ئەگەر بێت و تەنیا ئەو پرۆژانە تەواو بکرێن بەشێکی زۆری ئەو کەموکوڕییانەی هاوڵاتیان گلەییان لێی هەیە چارەسەر دەبن. گوتیشی: ئێستا لە چەند ناوچەیەکی کوردستان دەست بە دروستکردنی کۆمەڵێک پرۆژە کراوە و کۆمەڵێک نەخۆشخانەی نوێ دروست دەکرێن. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشکرد، پرۆژەکان پێکهاتوون لە دروستکردنی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی، بەڵام ئەو پرۆژانە کاتیان پێویستە و ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت بۆ تەواوبوونیان. ڕاشیگەیاند: نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی باش پێداویستی ناوخۆ پڕدەکەنەوە، بەڵام ئێمە خواستمان هەیە نەخۆشخانەی نوێ دروست بکەین و نەخۆشخانەکانی هەن گەورەتریان بکەین و ڕێژەی کارمەندانیش زیاتر بکەین

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات، دەستکراوەتەوە بە تەواوکردنی پرۆژە تەواونەکراوەکان و پلانمان هەیە بۆ دروستکردنی ژمارەیەک نەخۆشخانەی.

35 ملیار دینار بۆ چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگاکانی پارێزگای هەولێر داواکراوە



ئەندازیار عیماد حەمە ئەمین سورچی بەرێوەبەری چاک کردن و پاراستنی ڕێگاوبانەکانی پارێزگای هەولێر تایبەت بە خەبات ڕایگەیاند: 35 ملیار دینار بۆ 25 پرۆژەی چاکردنەوە و قیرتاوکردن ڕێگاوبانەکانی پرۆژەکانی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2020 داواکراوە. گوتیشی: دوای تاوتێکردنی کارەکانمان بۆ زیاتر خزمەتکردن بە هاووڵاتیانی شاری هەولێر و قەزاو ناحیەکان لەلایەن بەرێوەبەرییەتیەکەمان 35ملیار دینار داواکراوە بۆ 25پرۆژەی گەورە بۆ سنووری پارێزگای هەولێر. بەرێوەبەری چاک کردن و پاراستنی ڕێگاوبانەکانی هەولێر ئاماژەی بەوەشکرد هەر کات بودجەکە دابینکرا ئێمە لای خۆمان پرۆژەکان بریاری لەسەر دەدرێت دەست بە کارەکانمان دەکەین

هەولێر... دوو کەس بە تۆمەتی دزینی ئۆتۆمبێل دەستگیرکران

دوای ئەوەی پۆلیسی هەولێر لە حاڵەتێکی دزینی ئۆتۆمبێلێک لە گەڕەکی ئازادی ئاگادارکرانەوە، دەستبەجێ دەستیان بە لێکۆڵینەوەی ورد کرد و بە ماوەیەکی زۆر کەم توانرا ئۆتۆمبێلەکە بدۆزرێتەوە و تۆمەتبارەکانیش دەستگیر بکرێن. لەو بارەیەوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر عەمید دلێر نەجارِ ڕایگەیاند، پاش ئەوەی هاووڵاتییەک بە ناوی (ا.ح.ع) ئاگاداری کردینەوە کەوا ئۆتۆمبێلێکی جۆری تیوّتا یارسی لێ دزراوە، تیمەکانمان دەستیان بە لێکۆڵینەوەی ورد و چڕ کرد و توانرا لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئۆتۆمبێلەکە بدۆزرێتەوە و دوو تۆمەتباریش دەستگیربکرێن. عەمید دلێر نەجارِ ڕوونیشی کردەوە، ئۆتۆمبێلەکە لە لایەن هاووڵاتییەکی بە ڕەگەز ئێرانی دزرابوو و دواتریش بە لایەنی دووەمی فرۆشتبوو، بۆیە دوو تۆمەتبار بە ناوەکانی (ع.ح.م) و (ا.ع.ح)، لەسەر فەرمانی بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوە و بە تۆمەتی دزینی ئۆتۆمبێلەکە دەستگیرکران و ئۆتۆمبێلەکەش ڕادەستی خاوەنەکەی کرایەوە. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، دادخواز سکاڵای یاسایی دژی تۆمەتباران تۆمار کرد، بۆیە پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە کرایەوە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.



ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی 13هەزار کەسە بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە بۆ خەبات: عێراق و ئێران لەسەر بەفەرمیکردنی مەرزی تەوێڵە-شوشمێ ڕەزامەندن

بیارە 44 ساڵە ناحیەیە و بنکەی ئاگرکوژێنەرەوەی نییە

خەبات: عەلی پانیشاری-هەورامان

حەمید بارام، بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ (خەبات) دەڵێ" لە ماوەی 40ڕۆژی ئەمسااڵی نوێدا لە مەرزی تەوێڵە دەستمان بەسەر نزیکەی 50تۆن خۆراک و میوەوەی بەسەرچوودا گرتووە". ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات بیارە وەکو پێویست خزمەت نەکراوە و لە چەندین بواردا کێشە و کەم و کورتی گەورەی هەیە. ناوبراو دەشڵێت" هەڵوەشاندنەوەی بنکەی ئاگرکوژێنەرەوەی بیارە هەڵەیەکی گەورە بوو". لەسەر بەفەرمیکردنی مەرزی تەوێڵە-شوشمێش حەمید بارام دەڵێت" چاوەڕوانی نوسراوێکی فەرمیێ تا کاتی کردنەوەی مەرزەکە دیاری بکرێت".

بەفەرمیکردنی مەرزی تەوێڵە-شوشمێ

سەبارەت بەهۆکاری دواکەوتنی بە فەرمیکردنی مەرزی تەوێڵە-شوشمێ؟ حەمید بارام دەڵێ" بەفەرمیکردنی مەرزەکە لە دەسەاڵتی حکوومەتی عێراقە. لەگەڵ دەستبەکاربوونم وەکو بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە بە ئاگاداری سەروی خۆم دوو جار سەردانی کۆماری ئیسالمی ئێرانم کردووە، دواتر لە پارێزگای هەڵەبجە وەفدێک پێکهێناوە و لەگەڵ وەفدەکە سەردانی پارێزگای کرماشانمان کردووە، پاش ئەوەش دوو دەفدی حکوومەتی عێراق سەردانی مەرزەکەیان کردووە. دەشڵێت" وەفدی حکوومەتی عێراقی ڕاپۆرتیان بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بەرزکردووەتەوە کە مەرزەکە هیچ کێشەیەکی نییە و سەرجەم فەرمانگەکانی هەیە. دواتر پێیان ڕاگەیاندووین کە حکوومەتی عێراق الری نییە لە بەفەرمیکردنی مەرزی تەوێڵە. حکوومەتی عێراق چاوەڕوانی وەاڵمی کۆماری ئیسالمی ئێرانە". ناوبراو زیاتر لەسەر بەفەرمیکردنی مەرزی تەوێڵە قسەی کردوو گوتی" دواجار ئێمە لەگەڵ الیەنی ئێرانی قسەمان کردووە و ئەوانیش دەڵێن هیچ الریەکمان لەوبارەیەوە نییە، لەو نێوانەدا ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین بە نوسراوێکی فەرمی ئاگادارمان بکەنەوە کە کاتێک دیاری بکرێت بۆ ئەوەی فەرزەکە بە فەرمی بناسرێنێت".

20-15پرۆژەی لەکارکەوتوو

حەمید بارام دەڵێ" قەیرانی دارایی کاریگەری خراپی لەسەر پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی کردووە". دەشڵێت" بەهۆی قەیرانی دارایەوە 20-15پرۆژەمان وەستاون". گوتیشی" لەکارکەوتنی پرۆژەکان کاریگەری خراپی دروستکردووە". ئەو پرۆژانەی لە سنوری ناحیەی بیارە وەستاون بریتین لە پرۆژەی گەشتیاری و ڕێگەوبان و پرۆژەی پەروەردەیی و بینای فەرمانگە و فراوانکردنی سنووری ناحیە.

نەخۆشخانەی 40 قەرەوێڵەیی

لەبارەی نەکردنەوەی نەخۆشخانە 40قەرەوێڵەیەکەی ناحیەی بیارە کە ماوەی چەند ساڵێکە تەواو بووە؟ حەمید بارام دەڵێت" لەسەر نەکردنەوەی ئەو نەخۆشخانەیە سەردانی بەڕێز وەزیری تەندروستیم کردووە و داوامکردووە نەخۆشخانە بکرێتەوە". هەروەها دەشڵێت" نەخۆشخانەکە کێشەی نەبوونی ئامێری پزیشکی و میالکی هەیە". پێی وایە ئەگەر نەخۆشخانەکە بکرێتە نەک بۆ هەوراما، بەڵکو خزمەتی هەموو پارێزگای هەڵەبجەش دەکات.

کێشەکانی بیارە چین؟

بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە باس لەوەدەکات لە ناحیەکەیاندا گرفتی کەمی بینای فەرمانگەیان هەیە، بەشێوەیەک دوو فەرمانگە لە یەک خانوودا، خانووەکەش سەقفی درزی بردووە. دەشڵێت" بە حکوومی ئەوەی بیارە ناوچەیەکی گەشتیاری و ئایینی و دوو خانەقا و مەزارێکی لێیە و پاشان مەرزی سنووری لەسەرە دەبێت زیاتر خزمەت بکرێت و ئاوڕی لێ بدرێتەوە. ئەوەشی گوت" بیارە لە ڕووی بینای قوتابخانە و تۆڕی ئاو، کەرتی کارەبا و تەندروستییەوە گرفتی هەیە و پێویستە حکوومەتی هەرێم پرۆژەی زیاتر بۆ ناوچەکە ئەنجام بدات". حەمید بارام پێی وایە بیارە وەکو پێویست خزمەت نەکراوە.

داخستنی مەرزە الوەکییەکان

سەبارەت بە داخستنی مەرزە الوەکییەکانی سنووری ناحیەی هەبووە 300-200کەس تەنها بەشەوا کاری لێکردووە".

هەڵوەشاندنەوەی تێبینەرایەتی خانووبەرەی بیارە

حەمید بارام پێی سەیرە لەگەڵ دەستبەرکابوونی وەکو بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە لە 2015فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی (تێبینەرایەتی خانووبەرەی بیارە)ی بەدەست گەیشتووە. لەوبارەیەوە دەڵێ" کاتێک قەزایەک دەکرێتە پارێزگا مانای وایە یەکە ئیداریەکانی سنووری پارێزگاکە فراوان دەکرێت و میالکات زیاد دەکرێت، بەاڵم ئەوەی سەیر بوو لە 2015دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی تێبینەرایەتی خانووبەرەی بیارە دەرچوو". گوتیشی" لەگەڵ دەرچوونی بڕیارەکە چووم لەگەڵ بەڕێز وەزیری داد و چەند پەرلەمانتارێک قسەم کرد و پێم وتن لە 30%ڕووبەری زەوی هەڵەبجە لە سنووری ناحیەی بیارەیە و خەڵک کێشەی موڵکایەتی و تاپۆی هەیە و ناکرێت دائیرەکە هەڵبوەشێتەوە، بەاڵم ئەوان سووربوون لەسەر هەڵوەشاندنەوەی تێبینەرایەتییەکە. هەروەها دەشڵێت" بڕیارەی هەڵوەشاندنەوەی تێبینەرایەتی خانووبەرەی بیارە لە وەزارەتەوە دەرچوو بوو".

هەڵوەشاندنەوەی بنکەی ئاگرکوژێنەرەوە

بنکەی ئاگرکوژێنەرەوەی بیارە لە 2014هەڵوەشێنراوەتەوە. حەمید بارام دەڵێت" پێش ئەوەی من ببەمە بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە ئەو بڕیارە درابوو". دەشڵێت" هەڵوەشاندنەوەی بنکەکە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە لە سنووری ناحیەکەدا پوش و پاوانێکی زۆر هەیە. لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا خەڵکی خۆیان ئاگرکەوتنەوە دەکوژێنەوە، ئەمەش ژیانیان دەخاتە مەترسییەوە". ناوبراو باس لە دوو هەوڵی دیکە بۆ هەڵوەشاندنەوە و گواستنەوەی فەرمانگەکانی بیارە دەکات و دەڵێت" هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی فەرمانگەی دادنووسی بیارە بگوازنەوە بۆ ناحیەی خورماڵ، لە کاتێکدا تەنها لە مەرزی تەوێڵە 200تۆنتۆمبێلی بارهەڵگر کار دەکەن، خاوەنی ئەم ئۆتۆمبێالنە پێویستیان بە بەڵێنامە هەیە، ئەوەیش بە دادنووس دەکرێت. کۆتا هەوڵیش بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانگەی باری شارستانی بیارە بووە، منیش وتم ئەگەر ئەو کارە بیارە؟ حەمید بارام دەڵێت" بەهۆی نالەبارەی دۆخی ناوچەکەوە مەرزەکان داخراون". ئەو پێشی وایە ئەگەر دۆخی ناوچە جێگر ببێت ڕەنگە مەرزەکان بکرێنەوە. دەشڵێت" کاتێک بڕیارێک دەردەچێت بۆ ئەوەی مەرزێک بکرێتە فەرمی دەبێت سەرجەم مەرزە الوەکییەکانی ناوچەکە دابخرێت". ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات مەرزەکان سوودێکی زۆریان بۆ دانیشتوانی بیارە و دەوروبەری هەبووە، بەشێوەیەک هەڵی کار بۆ سەدان گەنجی ناوچەکە ڕەخسابوو. ئەوەشی گوت" مەرز بکرێتە هەڵوێستم دەبێت، بۆیە گواستنەوەی فەرمانگەی دادنووس و هەڵوەشاندنەوەی فەرمانگەی باری شارستانی سەری نەگرت".

50تۆن خۆراک و میوەی بەسەرچوو

بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە ئاشکرای دەکات لە ماوەی 40 ڕۆژی ئەمسااڵدا و لە مەرزی (تەوێڵە-شوشمێ) لە سنووری شارۆچکەی بیارە لە ڕێگەی چەند لیژنەیەکەوە دەستیان بەسەر نزیکەی 50تۆن خۆراک و میوەی بەسەرچوودا گرتووە. حەمید بارام دەڵێ" بەشێکیان لە ماددە خۆراکییەکانیان لەناوبردووە و بەشێکی دیکەیان ڕەوانەی کۆماری ئیسالمی ئێران کردووەتەوە. هەروەها گوتیشی" هەر ماددەیەکی خۆراکی شیاو نەبێت بۆ خواردن بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی بە هێنانی نادەین بۆ هەرێمی کوردستان و دەستی بەسەردا دەگرن".

لە هەورامان تونددوتیژی دژ بە ئافرەت بوونی نییە

بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە دەڵێ" لە هەورامان تونددوتیژی دژ بە ئافرەتان نییە، هەورامییەکان بە شێوەیەک جوان و سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا دەکەن و لە ناوچەکەیاندا ژن کوشتن و لێدان لە ئافرەت بەدی ناکرێت". دەشڵێت" ئافرەتانی هەورامی پێش سەرجەم ئافرەتانی دیکەی کوردستان توانیوویانە لە بازاڕدا کار بکەن و بژێوی خۆیان پەیدا بکەن، ئەمە بێ لەوە ئافرەتانی هەورامان بوونەتە خاوەن کاری خۆیان و هەڵی کاریشیان بۆ چەندین خێزانی دیکە ڕەخساندووە، گومانی تێدا نییە ئەمەش جێگەی خۆشحاڵییە".

× بیارە لە 1976بووەتە ناحیەیە.
× ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی 13هەزار کەسە.
× لە 7کەڕەکی سەرەکی پێکدێت.
× بە دووری 17کیلۆمەتر کەوتووەتە باکووری ڕۆژهەاڵتی پارێزگای هەڵەبجە.
× حکوومەتی عێراق الوەکی لە سنووری ناحیەکەدا هەن.
× زیاتر بە ناوچەیەکی گەشتیاری و ئایینی ناسراوە.
× لە پێنج نەتەوەیی و ئاینیەکاندا 45-40هەزار گەشتیار ڕوو لە ناوچەکە دەکەن.
× لە ڕووی کارگێڕییەوە 27 گوند سەر بە بیارەن.

نەبوونی میالک و ئامێری پزیشکی، کردنەوەی نەخۆشخانەی بیارەی دواخستووە





باڵندەکان لە قەفەسیشدا هەر جوانن

فۆتۆ: کارزان دزەیی - خەبات

بازاڕی پەلەوەرفرۆشانی هەولێر، وێڕای ئەوەی لەڕووی تەندروستی و هەڵکەوتە جوگرافییەکەی لەنێو شاردا جێگەیەکی نەشیاوە، بەاڵم جۆری ئەو باڵندە و ئاژەڵە دەگمەنانەی لەو بازاڕە دەفرۆشرێن، جوانییەکی سەرنجڕاکێشی هەیە و ڕۆژانی هەینی ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵک ڕووی تێدەکەن. لەم چەند وێنەیەدا بەشێک لە جوانییەکانی ئەو بازاڕە دەردەکەون و لە ڕۆژانی داهاتوو فۆتۆستۆرییەکی تایبەت بە خراپی هەڵکەوتەی ئەو بازاڕە و مەترسییە تەندروستییەکان باڵودەکەینەوە.



کاریگەرییە نەرێنییەکانی چین و کێ لێی بەرپرسیارە؟

نووسراوە فەرمییەکان پێش گەیشتن بەلایەنی پەیوەندیدار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەبێتەوە

لەڕێگای گرووپەکانی ڤایبەرەوە وەڵامی نووسراوە فەرمییەکان دەدرێتەوە



خەبات/ ڕۆشنا عەلی

زۆرێک لە نوسراوەکان بە هامشێکەوە بڵاو دەکرێنەوە ،کە گوایە ئەمە نوسراوی فەرمییەو بەڕێوەبەر یان لایەنی پەیوەندیدار ناچار بە جێبەجێکردن دەکات، هەڵبەتە ئەم دیاردەیە بە گشتی بۆ هەموو دام ودەزگا و دامەزراوەکان ڕاستە ،بەڵام کاریگەرییەکانی کەمترە لەو کاریگەرییانەی کە بۆ وەزارەتێکی وەک وەزارەتی پەروەردە دروستدەبێت، بۆیە ئەم تەوەرەی ئێمە تایبەتەبە کاریگەرییەکانی لەسەر وەزارەتی پەروەردەکە، ئایا ئاساییە نوسراوە فەرمییەکان لە تۆزە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوببنەوە؟ ئایا تەنها تۆزە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە لە کوردستان پڕن لە نوسراوی فەرمی یان بەگشتی پێویستی سەردەمە؟ بۆچی نوسراوە فەرمییەکان لە وەزارەتەکانەوە دزە دەکەنە نێو تۆزە کۆمەڵایەتییەکان؟ کێ بەرپرسە لە پاریزگارینەکردن لەنوسراوەکان پێش گەشتن بەلایەنی پەیوەندیدار؟ تاچەند لایەنی پەیوەندیدار دەتوانێت لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاوەکان پێش گەشتنیان جێبەجێبکات؟

شەفافییەت

مامۆستا عەباس بەرزنجی بەڕێوەبەری جێبەجێکارو شارەزا لە بواری پەروەردە دەربارەی ئەوەی کە ئایا ئاساییە نوسراوە فەرمییەکان لە تۆزە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بێنەوە پێش گەشتن بەلایەنی پەیوەندیدار لەم بارەیەوە وتی: شەفافییەت لە بەڕێوەچونی کار لە فەرمانگە حکومیەکان شتێکی ئاسایی یە و مافی هەرهاوڵاتیە کە زانیاری لەسەر ماف و ئەرکی خۆی هەبێت لە بابەتە یاسایی و تەندروستی و دارایی و دەستوری ئەمە ئەرکی حکومەتە رۆشنبیری یاسایی و دەستوری و هتد... بڵاو بکاتەوە نەک خەڵکێک بەم کارە هەستێت لە سۆشیال میدیا نوسراوێکی دزە پێکراو بڵاو بکاتەوە بێ ئەوەی خەلفیەکی ئیداری یان زانستی هەبێت بەمەبەستێکی بەرتەسک، کەبەرای من خزمەت بەو پرۆسەی شفافیەت و مافی وەرگرتنی زانیاری یە ناکات ، بڵاوبونەوەی نوسراوی فەرمی تەنها مافی ئەو وەزارەتەیە کە لە سایت و پەیجی خۆی بڵاوی بکاتەوە ، هەر هاوڵاتیەکیش یان سۆشیال میدیا نافەرمییەکان مافی خۆیانە وەری بگرن و ڕاو سەرنجی خۆیانی لەسەر بڵاو بکەنەوە.

نەبوونی هۆشیاری یاسایی

مامۆستا عەلی عەودی سەرپەرشتیاری پەروەردەی و شارەزاڵە بواری پەروەردە هەر لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئاساییە نوسراوە فەرمییەکان لە تۆزە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بێتەوە پێش گەشتن بەلایەنی پەیوەندیدارو ئامادەی بۆ دوو هۆکار کرد لەمبارەیەوە وتی: پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک پەیوەستە بە پێشکەوتنی بواری پەروەردەو فێرکردن لەو کۆمەڵگایە بۆیە دەبێت زۆر بەهەستیاری هەڵس وکەوتی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام بەداخەوە هەندێک هۆکاری نەشیاو هەن و بەرچاومان دەکەوێت وەک دزەپێکردنی نوسراوە فەرمیەکان پێش گەیشتن بۆ شوێنی مەبەست، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە یەکەم کەمتەرخەمی نواندن لەلایەن فەرمانبەردەو دووەمیان نەبونی هوشیاری یاسایی لەلایەن هاوڵاتیانەوە، نەخێر گونجاو نیە نوسراوەکان بڵاو بکرێنەوە پێش گەیشتن بۆ شوێنی ئاراستەکراو.

بابەتێکی ناشارستانی

د. موئمن زەڵمی، مامۆستای زانکۆ پسپۆڕی سیاسەتی زمان و پەروەردە ئاماژە بەوە دەدات کە بڵاو کردنەوەی ئەم نوسراوانە یەکێکە لە بابەتە ناشارستانییەکان ئەو لەمبارەیەوە وتی: لە ڕاستیدا نەبوونی هۆشیاری پێویست بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گرنگییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی یەکێکە لە کەموکورتی و کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ، ئەم کەموکوڕییەش لە تەواوی بوارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، تەنانەت زۆر جار قۆناغبەندی کەیسە هەستیارەکانیش لەبەرچاو نەگیراوە.

نەبوونی سیستەم

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئەم دیاردەیە لە تۆزەکانی ئێمە بەو جۆرە زەقەهەیە یان پێویستی سەردەمەو گشتییە

مامۆستا عەباس وتی: لە کوردستانی ئێمە بەداخەوە زۆر زەقە لە بەر ئەوەی کاری حکومیمان بە سیستەم نەکراوە بۆیە ئەم دیاردانە کۆنترۆڵ کردنی زەحمەتە نەک تەنها دزەپێکردنی نوسراوی فەرمی زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی و دیاردەی واستەو مەحسوبیەت و ڕۆتین و.... هتد

مامۆستا عەلی بۆچونی وایە کە لە کوردستان جیاوازە و زۆرتر بەربڵاوە ئەو وتی : ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێ زۆر جیاوازە لەگەڵ جیهانی دەرەوە.


چارەسەرەکان

م. عەلی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پێی وایە پێویستە دوور لە تۆزی کۆمەڵایەتی زانیاریەکان ئاڵ و گۆڕ بکرێن م عەلی وتی: دەبێت بەدواداچونی تەواو بکرێت لەگەڵ دیاریکردنی هۆکارو چارەسەرکردن بەپێی یاسا وە پابەندبون پێیەوە، وە لایەنی پەیوەندیدار ئەگەر نوسراوی فەرمی پێ نەگات ناتوانێت پابەندی جێبەجێکردن بێت ، چونکە تۆزی کۆمەڵایەتی جێگای متمانە و سەرچاوەی باوەڕپێکراو نیە وە بە زۆر شتێوە بڵاو دەکرێنەوە چ بەداخەوە ئەمە بەشێکی زۆری پۆستە وزاریەکان، لەوەش خراپتر ئەوەیە بۆ زیادکردنی چوار لایکی پەیجەکانی سۆشیاڵ میدیا و زیادکردنی بینەر خراپترین مادەی ئیعلامی دەورۆژێنریت و بە شێوەی نەشیاو نوسراوە فەرمییەکان لە خراپترین بەرنامەدا دەخرێتە سەرشاشەی تیڤیەکان.


بەداخەوە ئەمەش بەڵایەکیترە یەخەی میللەتی گرتووە و وەک چۆن هەموان خەریکی ڕووکەش و موزایەدە و چاوبەستکردنی گشتین.



م. عەباس مەحمەد: بەرپرسی یەکەم لە دزە پێکرانی نوسراوە فەرمێکان وەزارەتی پەیوەندیدار خۆیەتی



م. عەلی عەودی: لایەنی پەیوەندیدار ئەگەر نوسراوی فەرمی پێ نەگات ناتوانێت پابەندی جێبەجێکردن بێت



د. موئمن زەڵمی: بۆ زیادکردنی چوار لایکی پەیجەکانی سۆشیاڵ میدیا و زیادکردنی بینەر خراپترین مادەی ئیعلامی دەورۆژێنریت

بەرای من بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە کارکردنمان پێویستە، هەنگاوی بنەڕەتی بۆ بناغەدانان بە پەروەردەیەکی تەندروست و هوشیاریەکی دروست و سیاسەتێکی گشتگیری واقیعبینانە، بۆ ئامانجێکی گەورە و سەرتاسەری کە ئەویش "ژیانێکی پێگەشتوو بۆ میللەتێکی تێگەشتوو لە کوردستانێکی پێشکەوتوو"دا، نەک فراوانکردنی موزایەدە و مونافەسە و دەستبردن بۆ بڵاوکردنەوە و دزەپێکردنی نوسراوی فەرمی حکومی کە بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی ئێمە.


کەمتەرخەمی نواندن دەربارەی ئەوشی کە ئایا هۆکار چیەو کێ بەرپرسی یەکەمە لە دزە پێکردن مامۆستا عەلی وتی:

دزەکردنی نوسراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی سکیوریتی یاخود کەمتەرخەمی نواندن لە وەرگرتنی سزا لەشوێنە دزەپێکراوەکە یاخود دزەپێکەر.

مامۆستا عەباس محەمەد پێی وایە دەزگاکە خۆی ئەو وتی : بەرپرسی یەکەم لە دزە پێکرانی نوسراوە فەرمێکان وەزارەتی پەیوەندی دار خۆیەتی، گروپەکانی ڤایبەر پێویست بوو کاریان جیاوازبێت ، زیاتر وەک تۆزێکی پەیوەندی و گەیاندنی زانیاری و کۆمەڵێک خزمەتگوزاری تر کە زۆرێک لە گروپ و فەرمانگاو دەزگافەرمی و نافەرمییەکان باشترین سوودی لێوەربگرن.

د. زەڵمی لەبارەی هۆکارەکەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هۆکارەکە موزایەدەیە ئەو وتی: بەداخەوە هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیە بڵاوبوونەوەی پەتای موزایەدە و مونافەسەی ناتەندروستی حزبییە لە نێوان بەهاماهەنگی لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان وەک هەنگاوێکی ڕێگری لەم دیاردەیە دەتوانێت پلانی هەبێت بەتایبەتی هەندێک لەو نوسراوە فەرمییانە پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی هەیە ناکرێت فەرامۆش بکرێت.


د. موئمن دەربارەی چارەسەر کردنی ئەم گرفتە وتی: بە لەڕێگای فەیسبوک یاخود فایبەر یان هەر تۆزێکی تر بێت کاریگەری نەرێنی هەیە، بۆیە دەکرێت بەپێی یاسا بنەبڕ بکرێت، وە تا لەگەڵ سەردەم بەردەوام بەرەوپێش بڕۆین وە زوو گەیشتنی نوسراوەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار تەنها بە ئەلیکترۆنی کردنە بۆ ئەم ئەندام و لایەنگرانی هێزەکان بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە، هەروەها کەمبوونەوەی متمانەی خەڵکە بە پەرلەمانتاران و بەشێکی زۆری پۆستە وزاریەکان، لەوەش خراپتر ئەوەیە بۆ زیادکردنی چوار لایکی پەیجەکانی سۆشیاڵ میدیا و زیادکردنی بینەر خراپترین مادەی ئیعلامی



سەدیق سەعید ڕواندزی

وانە بۆ قوتابییان یان بۆ فەیسبووک؟

تۆزە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو ئێمەدا، هێندەی سەکۆیەکن بۆ خۆدەرخستن ونووسین و کۆمێنتی بێ ماناو توانج گرتن، هێندە ئامرازێک نین بۆ بە دواداچوون و هوشیارکردنەوە و دیالۆگی هزری و ڕۆشنبیری، لە پێناو بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە و ژیانی تاکەکان. ئێمە لە کاتێکدا زۆربەی ساتەکانی ژیانمان لەگەڵ ئەو تۆزە کۆمەڵایەتییانە دەبەینە سەرو وەک ئۆکسجین بۆ ژیان دەیبینین، بەڵام زۆربە دەگمەن، وەک شوێنێک بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و دیالۆگ دەیانبینین.لە کاتێکدا، لە کۆمەڵگەکانی تر، بە پێچەوانەوەیە. بۆنمونە: سەرۆکی ئەمەریکا ، زۆربەی لێدوان و هەڵوێستی سیاسی وڵاتەکەی، لە تویتەر دەخاتە ڕوو. بۆیە دەکرێت لە بری بەکارهێنانی ئەو تۆڕانە لە پێناو هەڵوێست و کۆمێنت و نووسینی بێ بەها ، بە شێوەیەکی تر بیانبینین. ئێمە هەمیشە حەزدەکەین هەر کارێک کە دەیکەین، یەکڕاست لە پەیجو ئەکاونتەکانمان بڵاوبکەینەوە. تەنانەت ئەگەر پەیوەندی بە ژیانی هیچ کەسێکی تریشمانەوە نەبێت. لەکاتێکدا، دەبێ بپرسین کە بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەک،پەڕەگرافێک، کۆمێنتێک، دەتوانین چی بکەین و چی بگۆڕین. ئایا هەموو شتێک شیاوی ئەوەیە بڵاوبکەینەوە؟. ئێستا ، دیاردەیەک لە نێو ئێمەدا دروست بووە ، ئەویش ئەوەیە ، کە تۆزە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەتیش فەیسبووک، وەک شوێنگرەوەی هەموو سوچێکی ژیان ببینین و هەر کارێک کە دەیکەین، لە پێناو گۆڕانکاری و ئامانجی ڕاستەقینەی کارەکە نییە، بەڵکو لە پێناو فەیسبوکە. واتە ئەوە گرنگە، چەند ئەو کارو داهێنان و خزمەتانە، دەبنە هۆکارێک بۆ دەرکەوتنمان و بینینمان لە چاوی ئەوانی تر لە فەیسبووکدا.لەم ڕوانگەیەوە، خەریکە دیاردەیەک لە نێوەندی پەروەردەیی ئێمە سەرهەڵدەدات و دەبێتە مۆدێل، ئەویش وانە گوتنەوە و خزمەتکردنی پەروەردە و پاراستنی ژینگەو پەروەردەکردنی قوتابییانە لە پێناو فەیسبووک، نەک ئامانجی ڕاستە قینەی پەروەردە. بەو مانایەی مامۆستایەک کاتێ وانە دەڵێتەوە، کاتێ ئالای پیرۆزی کوردستان بە قوتابییان بەرزدەکاتەوە، سەرچاوەی ئاوی قوتابخانە پاک دەکاتەوە، مەبەستیەتی زوو بیکاتە هەواڵ و دەسکەوتی کەسی و تایبەتی و لە فەیسبووک داببنێت، بۆ ئەوەی نیشانی بدات، کە ئەو مامۆستایە ، چ خزمەتێک دەکات. لە ڕاستیدا، ئەرکی بەڕێوەبەری قوتابخانەیە ، ئاگاداری ژینگەی سرووشتی و مرۆیی قوتابخانەکەی بێت، ئەرکی ئەوە، چاودێری وانە وتنەوە و گرفتی قوتابییان و مامۆستایان و قوتابخانە بەگشتی بکات. ئەمە نەمنەتە، نەدەسکەوت، تاکو وەک داهێنان و بەخشش بە کەس و کاری قوتابییان وکۆمەڵگە بەگشتی بیفرۆشنەوە. مەگەر ئەرکی بەڕێوەبەرچییە لە قوتابخانە؟ بۆچی دەرمالەی بەڕێوەبەری وەردەگرێت؟ بۆچی بەشە وانەی کەمترە لە مامۆستایان؟ بۆ ئەوە نییە کەکات و زەمینەی ئەوەی هەبێت ئاگاداری ڕەوشی قوتابخانەکەی بێت لە هەموو لایەکەوە؟ ئەرکی مامۆستای وەرزشە ڕۆژانی پێنج شەمە، بەو پەڕی ڕێزەوە ئالا بە قوتابییان بەرز بکاتەوە و قوتابییان فێری خۆشەویستی خاک و نەتەوە بکات. ئەرکی سەرشانی هەموو مامۆستایەکە، بە پێی ئەو خشتەیەی هەیە، بەشە وانەکانی بڵێتەوە. مامۆستا نابێ بۆ فەیسبووک و لە پێناو دەرکەوتنی لە تۆزە کۆمەڵایەتییەکان، وانە بڵێتەوە. ئەمە ئەرکی ئەوە. مەگەر ئەرکی ئێمەی مامۆستا چییە ئەگەر قوتابییان فێری زانست و خوێندەواری و خۆشویستنی ئالاو خاک و نیشتمانەکەیان نەکەین؟. نابێ لە پێناو دەرکەوتن،یاخود خۆنمایشکردنی کەسی و تایبەتی و شانازیکردن بە خۆمانەوە کارێک بکەین. بەڵکو دەبێ لە پێناو داهاتوویکی گەشتر بۆ قوتابییان و ڕۆڵەکانمان ئەو ئەرکانەی پێمان سپێردراوە، بەو پەڕی دڵسۆزی و لە خۆ بوردوییەوە، جێبە جێیان بکەین.





بەشداری کورد لە کۆنفرانسی میونشن نیشانەی سەنگی کوردستانە لە هاوکێشە سیاسی و ئابووریيەجیهانییەکاندا

خەبات: تریفە ئازاد

لە هەفتەی دووەمی مانگی شوباتی هەموو ساڵێک، بەرپرسانی باڵاڵە دروستکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لە میانەی کۆنفرانسێکی جیهانیدا لە شاری میونشنی ئەڵمانی کۆدەبنەوە و باس لە بارودۆخی هێمنی و سیاسی و ئابووری و تەواوی کێشە و ئاستەنگە نێودەوڵەتییەکان دەکەن. گرنگی ئەم کۆنفرانسە لەوەدایە کە بڕیاربەدەستانی وڵاتان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە نزیکەوە یەکتری دەبێنن و بیرۆڕا دەربارەی پرشە هەنووکەییەکانی جیهان ئاڵوگۆڕ دەکەن، هەروەها ئەم گۆنفرانسە دەتوانین بڵێین سەکۆیێکی ئازادە بۆ داهێنان و پتەوکردنی پیوەندییە سیاسی و ئاسایش و ئابووری و تەکنۆلۆجی و تەندروستی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ...هتد.

گەڕی ئەمجارەی (میونشن 56)زیاتر لە 30سەرۆکی وڵات (لەنێویاندا مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان) و زیاتر لە 70وەزیری بەرگری و دەرەوەی وڵاتانی جیهان ئامادە دەبن وێڕیا چەندین بەرپرسانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان زانا و پسپۆڕی بواره جیاوازەکان. هەروەها زیاتر لە 500 سەرۆکی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و ئۆتۆمبێل و چەک و پێشەسازییە جۆراوجۆرەکان و ڕێکخراوانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

شایانی باسە بەشداری فەرمی مسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکو بەشداربوونێکی کاریگەر لە بواری سەربازی و هێمنی و ووزە، ئاماژەیەکە بە کاریگەری پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها دیدار و چاوپێکەوتنەکانی مسرور بارزانی لەپەراوێزی کۆنفرانسەکەدا لە گەل سەرۆک و بەرپرسانی وڵاتان سەنگ و گرنگی تایبەتی هەیەل لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی. لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵدەدین گرنگی و ڕەنگدانەوەی بەشداروونی کوردستان لەم کۆنفرانسەدا بخەینەروو.

دەستکەوتی زێڕینی و دیبلۆماسی بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد لە نەخشەی وەزی جیهان

کارۆخ خۆشناو سەرۆکی ئینستیتوتی توێژینەوەی ئەمریکی ژ کوردی لە بارەی بەشداری کردنی ڕێزدار مەسرور بارزانی لە کونفراسی ئاسایشی میونشن لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کۆنفرانسی سەقامگیرکرنی ئاسایشی ئەم ناوچەیە لە ڕێگای تێشکاندنی تیرۆر و دەرخەری گرنگییێدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە بە هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی سەقامگیر و ئەکتەرێکی چالاک لە دژایەتیکردنی تیرۆر و ژمارەیەکی خوێندراوە لە هاوکێشە سیاسی و ئەمنیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

بەشداریکردنی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەرفەتێکی زێڕینە بۆ وەبەرهێنان لە هەردوو سێکتەری (دیبلۆماسی و ووزە) لەم چوارچێوەیەشدا کۆبونەوەکانی بەڕێز مەسرور بارزانی لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی و کارەکتەری گرنگ لە پرۆسەی (داڕشتنی بڕیار)دا ئەنجام دەدرێن، وەک هەریەک لە وەزیرانی دەرەوە و وزەی ئەمریکا، ئەم دیدارانەش پشاندەری پێگەی ستراتیژی و سەقامگیری هەرێمی کوردستانە لەسەر نەخشەی وزەی جیهان، ئەم پێگەیەش فاکتەرێکی سەرەکی گرنگی پێدانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە بە هەرێمی کوردستان. هەروەها فاکتەرێکی تری گرنگی پێدانی (ناوەندە نێودەوڵەتییەکان) بە کورد بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵەی کورد گێڕای لە شەڕکردن و تێکشاندنی داعش (لە جیاتی جیهانی ئازاد) کە لەم پێناوەدا کورد لە (باشور و ڕۆژئاوا)دا هەزاران شەهید و بریندار بەخشی، خوێنی ئەم هەزارەها شەهیدەش ئەستێرەی کوردی بە شێوەیەک دروشاندۆتەوە کە هەرکاتێک باس لە ئاسایشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بکرێت، ئەوا وێنەی کورد وەک (جەنگاوەری ئازا) لە کۆنفرانسەکاندا دەدروشێتەوە. لەم دەرفەتە زێڕینەدا سەرۆکی حکومەت ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەکات لە دیدار و کۆبونەوەکانی لەگەڵ هەموو کەسایەتی و کارەکتەرە بەڕادارووەکانی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، چونکە لە ئەجیندای سێ ڕۆژەی مانەوەی سەرۆکی حکومەت (33) دیدار ئەنجام دەدات، ئەم دیدارانەش وەک دەستکەوتێکی زێڕینی دیبلۆماسی دەچنە سەر خەرمانی دەستکەوتەکانی تر بۆ زیاتر ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد. دوو دیداری سەرۆکی حکومەت لە یەک ڕۆژدا لەگەڵ دوو وەزیری ئەمریکا (وەزیری دەرەوە و وەزیری ووزە) پێمان دەڵێت کە کوردستان لەلایەک خاوەنی پێگەیەکی ستراتیژی و جیۆپۆلێتیکی گرنگە، لەلایەکی تریشەوە ژێرخان و سەرخانی کوردستان زۆر دەوڵەمەندە و لەسەر نەخشەی ووزەی جیهان پێگەی خۆی قایم کردووە.

پێگەی بەهێزی کوردستان و گرنگی ڕۆڵی کورد لە ناوچەکەو لە جیهاندا

بڵند نەورەس ئەکادیی لە بواری ڕاگەیاندن لە بارەی بەشداری شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفراسی مینوشن دەنگدانەوەی لە میدیا جیهانیەکان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گرتی: کۆنفرانسی



کارۆخ خۆشناو:
هەرکاتێک باس لە ئاسایشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بکرێت، ئەوا وێنەی کورد وەک (جەنگاوەری ئازا) لە کۆنفرانسەکاندا دەدرەوشێتەوە

ئاسایشی مینوشن بەهێزترین و کاریگەرترین کۆنفرانسەکانی جیهانە لە ڕووی ئاسایشەوە، بە پێی توێژینەوەیەکی زانکۆی بنسلڤانیای ئەمریکی لەو بوارەدا. ئەم کۆنفرانسە لە ساڵی 1963 وە بەردەوامی هەیە، سروشتی کۆنفرانسەکە وایە کە لە سەرتاسەری جیهاندا کەسایەتییە کاریگەرەکانی جیهان و بڕیار دروستکەر و بڕیار بەدەستەکان بانگهێشت دەکەن بە مەبەستی گفتوگۆکردن و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ئەو کێشانەی کە لە جیهاندا ڕوودەدەن. کۆنفرانسەکە بەرنامەی تایبەتی ساڵانە دادەنێت و لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا بەشداربووان دیدار و پانێڵ ئەنجام دەدەن بۆ خستنەڕووی تێڕوانینەکانیان. پرسی ئاسایش پرسێکی جیهانییە، چارەسەرکردن و پێشگرتنیش لێی هەر بە هەرەوزی جیهانی دێتە دی، کەواتە بەشداربووان لە یەک چوارچێوەی فراواندا و بە پێی بەرژەوەندییەکانیان ئاراستەکانیان دەخەنە ڕوو. بانگهێشتکردنی ڕێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز کاک مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نیشانەی کاریگەری ئەم دوو کارەکتەرە سیاسییە کوردستانییەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیدا. لە هەمان کاتدا بەگرنگی سەیرکردنە لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەو بوارو بابەتانەی کە لەسەر ئاستی جیهان دەگوزەڕێت. بەشداریکردنی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشداریکردنی هەرێمی کوردستانە بە مەبەستی داکۆکیکردن لە ماف و ئاسایش و بەشێوەیەکی گشتی و بنەمایەکە بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ئەوروپی بە شێوەیەکی ڕێژەیی. هەموو بابەتەکان بابەتی سەرەکێن و تێڕوانینەکان یەک دەخڕێن بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهات و کێشە جیهانییەکاندا. کەواتە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن هەنگاوێکی دیبلۆماسی و سیاسییە کە هەرێمی کوردستانیش وەک بەشداربوییەکی کارا دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە چوارچێوەی پاراستنی هەرێمی کوردستاندا.گرنگی ئەم کۆنفراسە بۆ هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە دەرفەتێکی جیهانی دەرەخسێنێت بۆ کوردستان تا لە ڕێگەیەوە بتوانێت باس لە کێشە و گرفت و مەترسییەکان بکات کە لەسەر هەرێمی کوردستانن، هەروەها زەمینەیەکی لەبارە بۆ گفتوگۆکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا سەبارەت بە پرسە گەرم و کاریگەرەکان لەگەڵ گەورە بەرپرسان و دروستکەرەکانی بڕیار و بڕیار بەدەستەکانی جیهاندا. کوردستان لە ڕێگەی ئەم جۆرە کۆنفرانسە جیهانیانەوە دەتوانێت کاریگەری دروست بکات لەسەر بڕیاری وڵاتان و زەمینەی تێگەیشتن فەراهەم بکات لەگەڵ ئەو ئەجندایانەی کە کار بە بەرژەوەندی و بەرژەوەندی هاوبەش دەکەن. دیبلۆماسییەتی کوردی ئەو کەنالەیە کە لە ڕێگەیەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێت بناغەی ئاسایشی هەرێم و پاراستنی دەستکەوتەکان ببەستێتەوە بە ئاسایشی جیهانەوە، هەر لەو ڕێگەیەوە دەشتوانێت بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان گرێبدات بەیەکەوە لە خزمەتی پرسی کورد و کوردستانداو وەبەرهێنانی لەسەر بکات بەسودی هەرێمی کوردستان. جیا لەوەی ئەم دیدارە جیهانییانە ئاماژەن بۆ پێگەی بەهێزی کوردستان، لە هەمان کاتدا ئاماژەشن بۆ گرنگی ڕۆڵی کورد لە ناوچەکەو لە جیهاندا. کەواتە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەم کۆنفراسە نێودەوڵەتییانەوە هەم خزمەت بە خۆی دەکات، هەم خزمەت بە ئاسایشی جیهان دەکات لە هەموو ڕوویەکەوە.



بڵند نەورەس:
پرسی ئاسایش پرسێکی جیهانییە، چارەسەرکردن و پێشگرتنیش لێی هەر بە هەرەوەزی جیهانی دێتە دی



مزەفەر تاهیر:
مسرور بارزانی جگە لەپێگە سیاسیەکەی ئەو کەسێکی ناسراوی بواری ئەمینی و چەسپاندنی ئاسایش و بنەماکانی دادپەروەرییە

سەنگ و پێگەی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووری و سیاسی و ئاسایشەوە

مزەفەر تاهیر، نوسەرو چاودێری سیاسی لە بارەی بەشداری کردنی ڕێزدار مەسرور بارانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفراسی مینوشن و دیدارەکانی لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لەنێو ئاڵۆزی ناوچەکەو ئەو دۆخەی ناجێگیرەی عێراق و وڵاتانی هەرێمەکە، ڕۆژ دوای ڕۆژ پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەردەکەوێ، دیداری ڕێزدار مەسروور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی کۆبونەوەی ئاسایشی میونخ لەگەڵ سەرۆک و گەورە بەرپرسانی جیهان سەنگ و پێگەی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووری و سیاسی و ئاسایشەوە بەیان دەکا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لەپێگە سیاسیەکەی ئەو کەسێکی ناسراوی بواری ئەمینی و چەسپاندنی ئاسایش و بنەماکانی دادپەروەری یە، بەشداریکردنی لەم گردبونەوە ئاسایش پارێزی یە دەرخەری کارامەیی و ڕۆڵی گرنگی ئەو دەگەیێنی کەکارەکتەرێکی بەهێزی سیاسی و هۆکاری بەدیهاتنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و تەنانەت ناوچەکەش، بۆیە دەبینین ئەمڕۆ گەورە هێزەکانی جیهان بەپەرۆشەوە دیداری سیاسی و ئەمنی لەگەڵ دەبەستن و ڕاوبۆچوونەکانی لەبارەی تیرۆرو بنەبڕکردنی پاشماوەکانی داعش و هاوشێوەکانی بەگرنگ دەزانن، دیداری نێوان مەسروور بارزانی و گەورە کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گوزارشتێکی زەق و دیاری ئەوەن کە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی بەهێزو حیساب بۆکراوی هاوکێشەکانی عێراق و تەنانەت ناوچەکەش، پێشبینی دەکرێ ئیدی وڵاتانی خاوەن بڕیارو خودان نفوزی سیاسی و کاریگەرەکان دووبارە پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی هەمە لایەنە دابڕێنەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە سوودو قازانجی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێ.

وون بوون
ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە/ ٢٨٠٥ بەناوی کامران فواد احمد ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
وون بوون
ناسنامەی کۆلیژی پەروەردە بەشی زمانی ئینگلیزی بەناوی کوثر صادق عمر ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ئاگاداری
مالپەری ئەلکترۆنی بەناوی هاودەنگ میدیا کە خاوەن ئیمتیازەکەی ڕێکخراوی هاودەنگ میدیاییە و سەرنووسەرەکەی زێدان خسرۆ میکائیل بارەگای سەرەکی لەشاری هەولێر دەبێت بەزمانی کوردی بەشێوەیێکی ڕۆژانە دەردەچێت هەرکەسێك تێبینی یان لاری هەیە پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفونەوە: ٠٧٨٣١٦٦٩٦١٠
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (دەشتی هەولێر)
ئاگاداری
ژمارە: ٥٩
بەروار: ٢٠٢٠/٢/١٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عبدالواحد حسێن حزرت) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/١٢ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پیشەسازی کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس/ هاوار فارس حسین
ئامێرەکان:
١ – ئامێری هۆبەر (بۆ تێکردنی مەواد) بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١٠.
٢- ئامێری غەباتە (بۆ تێکەڵکردنی مەواد) بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٥٠.
٣- ئامێری سایلۆ (بۆ خەزنکردنی مەواد) بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٥.
٤- ئامێری کابیسە (بۆ کەپسکردنی بلۆك) بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١٥٠.
٥- ئامێری رافیعە (بۆ بلندکردنی مەواد) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای کارەبایی نییە.
٦- ئامێری رافیعە (بۆ بلندکردنی مەواد) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای کارەبایی نییە.
٧- ئامێری کۆمپرێسەر (بۆ پاڵەپەستۆی هەوا) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٢٥.
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٤٧/ب٤/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (هێردن عبدالمجید عبدالرحمن)
داواکار (هەوران عزیز رحمان) داوای ژمارە ٤٧/ب٤/٢٠٢٠ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی رزگاری بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێڕاگەیاندنت بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٣/١٢ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.
دادوەر/ کاوە صدیق حسین
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٢٤٧٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٢
ئاگاداری
بۆ/ سرود رؤوف محمد
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (کۆمپانیای Gefco سەرەرای کارەکەی) کە بڕی (٧١٠,٩٥٠,٠٠٠) ملیۆن دینار وە ٢,٠٠٠,٠٠٠ اتعاب محامی ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ کالی قادر پیرۆت
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٩/٤٣١٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٣
ئاگاداری
ئەم بەڕێوەبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٤٣١٦) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (پشکی) قەرزار (ورقاء صدقی امین) بەبڕی (٢٥٠٠٠٠) هەزار دینارە قرساوە وە بەلێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (هیوا بکر رشید) کە برەکەی (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٣) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەل هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٩/٤٣١٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٣
ئاگاداری
ئەم بەڕێوەبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٤٣١٥) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (پشکی) قەرزار (فاطمة انور محمد) بەبڕی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینارە قرساوە وە بەلێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (هیوا بکر رشید) کە برەکەی (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٣) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەل هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٩/٢٣٠٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٣
ئاگاداری
ئەم بەڕێوەبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٢٣٠٦) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (پشکی قەرزار) قەرزار (مصطفی انور محمد) بەبڕی (٤٠٠,٠٠٠) هەزار دینارە قرساوە وە بەلێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (هیوا بکر رشید) کە برەکەی (١,٢٥٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٣) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەل هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٩/٢٣٠٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٣
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٢٣٠٧) کۆمپانیای (حیاة الطیبة) بۆ پەلەوەر و بەرهەم هێنانی ئالیك/ سنوردار) قەرزار (دلێر انور محمد بەرێژەی ٢٥٪) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (هیوا بکر رشید) کە بڕی (٧٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینارە هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٣) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و نرخی بەشی/ کۆمپانیاکەش بەبڕی (٢٥٠,٠٠٠ هەزار) دینار قرساوە دوو سەدو پەنجا هەزار دینار.
جێبەجێکاری داد/کالی قادر پیرۆت
* * *
ڕێڤەبەریا کومەلگەها دەروازێ ئیبراهیم خەلیل نیڤدەولەتی
بەشێ یاسایی
ژمارە/ ٤١١
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٨
ئاگەهداری
کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل رادگەهینیت کو سەر ئێك زیدەکرنا ئاشکەرا یا هەی ژ بو کرێدانا خارنگەها (بەرلمان) دناڤ کۆمەلگەهێ دا ل جهێ ئاماژەکری بو ماوێ ١٠ دەه هەیڤا هەر کەسێ بڤێت پشکداریێ دڤێ سەر ئێکێ زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ب رێژا ٢٠٪ ژ بهایێ خەملاندنێ پێشکێشی ڕێڤەبەریا کۆمەلگەهێ بکەت دماوێ ١٥ پانزدە روژان دا ژ بلاڤەکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ زێدەکرنە ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٢/٢٥ ل دەمژمێر ١١ یازدەی سپێدێ دێ ئێتە ئەنجام دان ل دەروازێ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت پێتڤی دێ کەڤنە ستوی وی و بو پتر وەرگرتنا پێزانینا سەرەدانا دەروازێ ل بەشێ یاساییێ بکەن.
حەمید عەلی ئیبراهیم/ سەرپەرشتێ کۆمەلگەهێ
* * *
دادگای بەرایی هەولێر
جاردان
ژمارە: ٣٢١٤/ب٤/٢٠١٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٩
داواکار: ڕۆشنا عزیز و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: رسول حسن اومر و هاوبەشەکانی
شوێنی موڵك: هەولێر – گەرەکی ٩٤ باداوە نزیك ١٠٠م
ژمارە موڵك: ٣٢٢٨/٣٢ لە ٩٤ی باداوە
پێکهاتووەکان: موڵکەکە خانوێکی کۆنە بەرووبەری ٨٠م٢ شوێنەکەی تەنیشت ڕوکنە کۆڵانێکی تەسکە پێکهاتەکەی بریتی یە لە ٢ ژوورو مطبخ و حمام و توالێت و سەری بەدار گیراوە لە بلۆك دروستکراوە بەڵام یەك دەرگای هاوبەشی هەیە لەگەڵ موڵکی ژمارە ٣٢٢٦/٣٣ کەرتی ٩٤ی باداوە.
ڕووبەر/ ٨٠م٢
نیشتەجێ/ بەتاڵە
نرخی خەملاندن: ٢٢٠٠٠٠٠٠ دینار نرخی زەوی ٣٠٠٠٠٠٠ دینار پێکهاتەکان
٢٥٠٠٠٠٠٠ بیست و پێنج ملیۆن دینار کۆی گشتی زەوی و پێکهاتەکانی
لەسەر بڕیار ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٣٢١٤/ب٤/٢٠١٤ ازالە الشیوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ دوای بلاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێت سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابین کردنی ڕێژەی یاسایی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا، کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/مجید سعید برادۆستی
* * *
دادگای بەرایی هەولێر
جاردان
ژمارە: ٣٢١٣/ب٤/٢٠١٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٩
داواکار: ڕۆشنا عزیز و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: رسول حسن اومر و هاوبەشەکانی
شوێنی موڵك: هەولێر – گەرەکی ٩٤ باداوە نزیك ١٠٠م
ژمارە موڵك: ٣٢٢٦/٣٢ لە ٩٤ی باداوە
پێکهاتووەکان: موڵکەکە خانوێکی کۆنە بەرووبەری ٦٦,٢٥م٢ شوێنەکەی تەنیشت ڕوکنە کۆڵانێکی تەسکە پێکهاتەکەی بریتییە لە ٢ ژوورو حمام و توالێت سەری بەدارگیراوە لەبلۆك دروستکراوە شێوازی شەرقی مکشوف.
ڕووبەر/ ٦٦,٢٥م٢
نیشتەجێ/ بەتاڵە
نرخی خەملاندن: ١٨٢١٨٧٥٠ دینار نرخی زەوی ٢٥٠٠٠٠٠ دینار پێکهاتەکان
٢٠٧١٨٧٥٠ بیست ملیۆن و حەوت سەد و هەژدە هەزار و حەوت سەدو پەنجا دینار.
لەسەر بڕیار ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٣٢١٣/ب٤/٢٠١٤ ازالە الشیوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ دوای بلاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێت سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابین کردنی ڕێژەی یاسایی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا، کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/مجید سعید برادۆستی
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٢٤٤/ش٤/٢٠٢٠
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/١٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (گەرمیان طاهر حمە صالح) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (کەنار حمدامین محمد صالح) داوای ژمارە (٢٤٤/ش٤/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (کەسنەزان) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٢/٢٧ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٥/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٣
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٨٧٤١٢/هەولێر – تایبەت) جۆری (اوپل/ اومیگا) مۆدیل (١٩٩٣) ڕەنگی (زیوی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (نجاة احمد عمر) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٢/٢٧) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کرینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٣,٢٥٠,٠٠٠ دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە
ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو
جاردانی داواکاری سەرلەنوێ
تومارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێ ی ئەو داواکاری یەی ل بەرواری : ٢٠٢٠/٢/١٠ ، کە پێشکێش بەم فەرمانگایە کراوە بۆ لە سەر نوێ تومارکردنی تەواوی خانووبەرەی ژمارە (٨٣٦/٥) کەرتی (١٤ عباسیە) بە ناوی (صالح حسین محو) کە لە ژێر دەستی یەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنیوبەمەبەستی چەسپاندنی خاوەنداریەتی یەکەی بۆ ئەوەی بە پێ ی یاسایی تۆماۆکردنی خانووبەری ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ تومار بکرێت . بریارماندا داواکاری یەکە بلاو بکرێتەوە ، جا هەرکەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراوی هەبێ لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەکە ، بەلگەو قەوالەی خوی پێشکێش بەم فەرمانگایە بکات ولە کات ژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی دوای کوتایی هاوەی ئەم بلاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینەکە لەو لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ .
أسماء الورثة:-
١- رمضان صالح حسین ٢- غریب صالح حسین ٣- زلیخە صالح حسین ٤- فیروز صالح حسین ٥- بیروز صالح حسین ٦- عمر احمد صالح ٧- محمد احمد صالح ٨- علی احمد صالح ٩- گلی احمد صالح ١٠- رمزیە احمد صالح ١١- فوزیە احمد صالح ١٢- شیلان احمد صالح ١٣- خدیجە احمد صالح ١٤- کردستان احمد صالح.
یونس محمد أحمد/ ڕێڤەبەر
٢٠٢٠/٢/١٠
* * *
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٤
ژمارە: ٤٩٢٩/ش/٢٠١٨
بەروار:٢٠٢٠/٢/٢
ئاگانامە
داواکار/ مەهیار ملك مظفر رؤوف
داوالەسەرکراو/ هیرو عبدالله محمد
بۆ داوالەسەرکراو
داواکار (مەهیار ملك مظفر رؤوف) داوایەکی بەژمارە (٤٩٢٩/ش/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایە داوای (تەڵاقدان پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەوەی دادگا) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی باسی پێڕاگەیەنەر و پشتگیری موختار .دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە. وە ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠٢٠/٣/٤) سەعات (٩:١٠)ی سەرلەبەیانی ،بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە ئامادەیی (غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .
دادوەر/ صالح أحمد عبدالله
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤١/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٢٠٢٠ /٢/١٢
ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراو : هوار یوسف محمد
ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ل کێشا ژمارە (٤١/ش/٢٠٢٠) ل روژا (٢٠٢٠/١/٢٦) پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وداواکار (بریشان احمد حسین) ل ٢٠٢٠/١/١٤ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بڕیاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بڕیار پلا بنەبڕ وەرگرت .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگای باری کەسی تەق تەق
ژمارە/ ٧/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت ٢٠٢٠/٢/١٠
ئاگانامە
بۆ داوالێکراو/ هاوژین اسماعیل
حمید/ شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار(درەخت عبدالرزاق عباس) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمار کردووە بەژمارە(٧/ش/٢٠٢٠) تیایدا داوای جێگیرکردنی لەئامێزگرتن دەکات، وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نوسراوی ئیشعاری ئەنجومەنی شارەوانی (قەرەناو- خاڵخاڵان) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی (٢٠٢٠/٤/٢) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ محسن صالح محمود
* * *
دادگای بەرایی پێنجوێن
ژمارە: ٦٢/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٥
ئاگاداری
داواکار (خالد طە حسین)
داوا لەسەر کراو (امید عبداللە حمەلاو). بۆ داوا لەسەر کراو (امید عبداللە حمەلاو) داواکار داوایەکی لەم دادگایە بە ژمارە (٦٢/ب/٢٠١٩) لەسەر تۆمارکردووە بەمەبەستی چۆڵکردنی خانووی ژمارە (٤٧/٤٠٣) کەرتی (١٠)ی پێنجوێن) کە خۆی خاوەنیێتی بۆیە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی یەوە ئاگادارت دەکەینەوە کە ئامادەبیت لە رۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٣/٣).
دادوەر/ دانا محمود حمەصالح
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە: ٢٤٣٩/ش٤/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١١
جاردان
بۆ / داوالێکراو (سرور أنور قادر)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٢٣٤٩/ش٤/٢٠١٩) دادگا بڕیاریدا لەسەر (تفریق بسبب الهجر) لەم دادگایە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٩ لەنێوان داواکار (سەرگول علی مصطفی) وە داوالێکراو (سرور أنور قادر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر-فەرمانبەران) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی وە تۆ مافی ناڕەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاڕدانە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/صباح حسن رشید
* * *
دادگای بەرایی/ زاخۆ
ژمارە: ٢٧/ب/٢٠٢٠
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٢/١٢
ئاگەهداری
بۆ/ داوالێکراوان (هژار ادریس رمضان و حاجی ادریس رمضان)جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو
گەرەکا حەمرین جهێ ئاکنجیبینا نوکە نەدیارە
داواکاران (دلوفان ادریس رمضان و طاهر ادریس رمضان) داوا ژمارە (٢٧/ب/٢٠٢٠) ل سەر وە تومارکریە و تێدا داخازا مولك کرنا ئاقاریێ ژمارە (٣٢٤/٤ کەرتێ ١١ اشکفت مارا) دکت و ژبەر کو جهێ ئاکنجیبینا وە نە دیارە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن سێهالکا یا ژمارە (٥٦١) ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٢/٧ و هەڤپێچ دگەل پەسندا هەلبژارێ تاخێ حەمرین کۆ تێدا هاتیە دیارکرن (ناڤێ وان د تومارا مەدا هەیە و مالا خو ژ تاخێ مە بارکریە و نوکە ژی جهێ ئاکنجیبوونا وان نە دیارە و مە چ پێزانین ل دور نینن) و ژبەر نەدیاربینا جهێ ئاکنجیبینا وە دادگەهێ ل رۆژا ٢٠٢٠/٢/١٢ بڕیاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامە یێن نافخویی و ڕۆژانەدا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل رۆژا دادبینیێ ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٢/٢٦ ل دەمژمێر ٩:٠٠ێ سپێدێ و بەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ باشملە ئێتە ئەنجام دان..
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
* * *
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/١٥٤٠ لە کەرتی ٨٦ بنصلاوە لەرێکەوتی: ٢٠٢٠/١/٣٠ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی صابر أمین قادر بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی/ نیگار احمد محمد
* * *
ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٣٥٥ / ٣٣٤/٣٥/٣٥
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٢/١٠
ئاگاداری
ئاگەهداریا هەڤولاتیێن بەرێز دکەین کو سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا یا هەی ژبو کرێدانا (١٠) دەه کوگەهێن عەلافا یێن ئاڤاکری ئەوێن ل خارێ دیار بو ماوێ ٣ سێ سالا ل دیف یاسا فروتن و کرێ دانا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ ل سالا ١٩٨٦ لەوما هەرکەسەکێ بڤێت بەشداریێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێ دا بکەت بلا داخوازیێن خو دگەل دابینکرنا کوژمێ ٢٠٪ وەك بارمتە ژ بهایێ خەملاندنێ بو هەمی ماوێ گرێبەستێ بو سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ پێش کێش بکەت ل ماوێ (٣٠) روژا ل روژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل دەم ژمێر (١٠) دەهێ سپێدێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ بەلاڤکرنێ و هەمی خەرجیێن پێتڤی کەڤنە ستویێ وی.
١- پارچە ئەرد ل کەرتێ ٩٥ لالەیی/ ٢٢٣٣/١ رووبەرم٧٢/٢ بهایێ خەملاندنێ بو هەر سالەکێ/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمەتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٢- پارچە ئەرد ل کەرتێ ٩٥ لالەیی/ ٢٢٣٥/١ رووبەرم٧٢/٢ بهایێ خەملاندنێ بو هەر سالەکێ/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمەتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٣- پارچە ئەرد ل کەرتێ ٩٥ لالەیی/ ٢٢٣٧/١ رووبەرم٧٢/٢ بهایێ خەملاندنێ بو هەر سالەکێ/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمەتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٤- پارچە ئەرد ل کەرتێ ٩٥ لالەیی/ ٢٢٣٩/١ رووبەرم٧٢/٢ بهایێ خەملاندنێ بو هەر سالەکێ/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمەتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٥- پارچە ئەرد ل کەرتێ ٩٥ لالەیی/ ٢٢٤١/١ رووبەرم٧٢/٢ بهایێ خەملاندنێ بو هەر سالەکێ/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمەتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٦- پارچە ئەرد ل کەرتێ ٩٥ لالەیی/ ٢٢٤٣/١ رووبەرم٧٠,٨/٢ بهایێ خەملاندنێ بو هەر سالەکێ/ ٣,٠٠٠,٠٠٠ بارمەتە/ ١,٨٠٠,٠٠٠
٧- پارچە ئەرد ل کەرتێ ٩٥ لالەیی/ ٢٢٤٨/١ رووبەرم٧٢/٢ بهایێ خەملاندنێ بو هەر سالەکێ/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمەتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٨- پارچە ئەرد ل کەرتێ ٩٥ لالەیی/ ٢٢٥٠/١ رووبەرم٧٢/٢ بهایێ خەملاندنێ بو هەر سالەکێ/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمەتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٩- پارچە ئەرد ل کەرتێ ٩٥ لالەیی/ ٢٢٥٢/١ رووبەرم٧٢/٢ بهایێ خەملاندنێ بو هەر سالەکێ/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمەتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١٠- پارچە ئەرد ل کەرتێ ٩٥ لالەیی/ ٢٢٥٤/١ رووبەرم٧٢/٢ بهایێ خەملاندنێ بو هەر سالەکێ/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمەتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
بلند رضا زبیر/ سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ
* * *

Supply of medical furniture and biomedical equipment for ICU and critical care for Hevi Pediatric Teaching Hospital
Ref: MD2/SU5

AISPO NGO in the framework of project “Support to mother and child and critical care services in Duhok Province (phase 2)” – financed by the European Union - Regional Trust Fund in Response to the Syrian Crisis, the 'Madad Fund’, intends to award a contract for the supply of furniture and biomedical equipment for for ICU and critical care for Hevi Pediatric Teaching Hospital in Duhok, Duhok Governorate, Kurdistan Region of Iraq.

The tender dossier is available on

- AISPO website: http://aispo.org/en/tenders/
- Duhok Directorate General of Health website: http://www.duhokhealth.org/en.

A clarification meeting will be held on **4th March 2020 at 10 am** in the meeting hall of Duhok Directorate General of Health.

The deadline for the submission of the tender is **16th April 2020 at 4 pm**.

Possible changes or additions in the tender dossier will be published on the websites mentioned above.

For further information, please contact the following email address: madad2.aispo@gmail.com.





راوبۆچوون، سەبارەت بە نامەیەکی مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ شێخ مەحمود



کەمال نوری مەعروف

ئاڵۆگۆڕکردنی نامە، لەنێوان گەورە دەسەڵاتداران و سەرکردەکاندا، مێژوویەکی دێرینی هەیە، و هەریەکەو لەناردنیاندا مەبەست و بۆچوونی خۆی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکاندا هەبووە.

ئەو هەوڵەشیان بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بووە کە خزمەتی ئامانجەکانی خۆیانی پێبکەن کە بارودۆخە نێودەوڵەتییەکە هێناویەتە گۆڕێ.

یەکێک لەو نامانەی کە شوێنی قسەلەسەرکردنە، پەیوەستە بەمێژووی سەردەمی کوردەوە، نامەی مەلیک فەیسەڵی یەکەمە (1921-1933) کە بۆ شێخ مەحمودی حەفیدزادەی ناردووە، وا دیارە بۆ نێوان ساڵانی (1930-1931) بگەڕێتەوە.

نامەکە، ڕەنگدانەوەی ڕۆژگارەکەی لەسەرەو مەبەستی شاراوەی شا فەیسەڵ بەرامبەر بە پرسی کوردو پێشەواکەی دەردەخات، بەڵگەنامەکەش بەلامەوە ئاماژەیەکە کە ڕژێمی پاشایەتی بەرژێمەکانی تری دوای خۆیشی، کە هاتوونەتە سەر تەختی دەسەڵات لە عێراقدا، هەموویان دژ بە چارەنووسی کوردو مافی ڕەوای بوون، ئەوەش هەر کاتێک بووە بەشۆڕشێک هەستا بێت، بە ئاگرو ئاسن لێیان داوە بۆ سەرکوتکردنی.

نامەکەی شا فەیسەڵ، بەزمانی عەرەبی نووسیویە، و بەشاعیری گەورەی کورد عەلی باپیر ئاغادا، بۆ شێخ مەحمودی ناردووە. نامەکە، خوێندکار (ئیبراهیم خەلیل عەلاف) لەماستەرنامەکەیدا لەزانکۆی بەغدا - کۆلێجی ئاداب، ساڵی 1975ئاماژەی پێداوە، هەروەکو خۆی دەڵێت: لەساڵی 1973 ەوە، لای پارێزراوە.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە فایلی (ک11)ی ژمارە (255) ەوە، لای پارێزراوە.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەفایلی (ک11)ی ژمارە (255) لە: (سەنتەری نیشتمانی بۆ پاراستنی لەبەغدا) پارێزراوە. بۆ خزمەتی مێژووی هاوچەرخمان گۆڕیوەمەتە سەر زمانی کوردی.

ئەم بەڵگەنامەیە، هەرچەندە مێژووی نارەنگەی لەسەر نییە، بەڵام لەناوەڕۆکی نامەکە تێدەگەین، بۆ سەروبەرندی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلولی 1930بگەڕێتەوە، کە بەشەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی لەقەڵەم دراوە.

نامەکە لەلایەن ناوبراو بۆ شێخ مەحمود لەئاواڕییدا نێردراوە، لەگەڵ نامەکەشدا پەیامی زارەکی بە (عەلی ئەفەندی)، ڕاگەیەنراوە، کە نامەکەو ڕاسپاردەکان بگەیەنێتە شێخ مەحمود.

نێردەری نامە، فەیسەڵی مەیلکی عێراق، سەرەتای نامەکەی بەخۆشەویستی و داوای لەشیاغی بۆ شێخی گەورە دەکات، هە بە (عەلی ئەفەندی) وەلامەکەی بۆ دەنێرێتەوە، کە نامەکەی شێخی لەوەوبەر بۆ هێناوە. ئەم شێوە نووسینەو نامە ناردنە، جۆرێکە لە خستنەڕووی خۆشیی سەر زارەکی، کە مرۆڤ بەزوویی هەستدەکات، نامەکەو ناردنی بۆ پێکهاتن و ئاشتەوایی نییە، بەڵکو بەناوی بڕایەتیی و دۆستایەتیی و دڵسۆزییەوە، دەیەوێت هەستی دەروونی خۆی لەنامەکەیدا بخاتەڕوو کە نیازەکانی تێدا دەردکەوێت.

شا فەیسەڵ، لەپرگەیەکی نامەکەیدا، دەڵێت:.. گەورەم بەرەنگاربوونەوەی توانای خواوند. هتد (لێرەدا خاوەنی نامە وا داینێت کە شێخ مەحمود جەنگی لەگەڵ ئەواندا، کە شەڕی مردن و ژیانە، بۆ بەدەستهێنانی داخوازی گەلەکەی، ئەو شەڕەی دژ بە توانای خواوەندە: تۆ بڵێی شا، لەو هەڵوێستەیدا بەهەڵەدا نەچووبێت، کە بەوشێوەیە ڕاقەی لەبەرەنگاربوونەوەکە کردووە. وا پێدەچێت ئەو بۆچوونەی شا، هەر لەبەرئەوە بووبێت، کە لەبنەماڵەی هاشمییەو نزیکە لەپێغەمبەری ئیسلام (د.خ). بۆیە بەشەڕ نابێت کورد بەربەرەکانییان لەگەڵدا بکات، چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەرگری لێدەکات، سەرکەوتو نابن لەهەوڵەکەیاندا.

ئەمە قسەی ئەو فەیسەڵەیە کە لەسووریا دەربانکردو، دەسەڵاتی بریتانی لەعێراق لەبەرئەوەی سەربەخۆیان بوو کردییانە مەلیک بەسەر گەلی کوردو عەرەبەوە.

من لەوە تێناگەم، فەسەڵ ئەم قسەیەی لەکوێوە هێناوە، ئەو پەیامە کامەیە، کە بەیەکتریان داوە لەگەڵ شێخ مەحموددا، ئایا: ئەو پەیامەیە، کە شێخ لەکاتی گەڕانەوەی لەبەندیخانەی ئەندامان لەهیندستان، لەئەیلوولی 1922کە چاوی بە مەلیک کەوتووەو پەیامی بەشێخ مەحمود داوە، داواکانی بەجێبگەیەنێت، و شێخیش ڕازیبووە کە یارمەتییان بدات و ئاساییش بۆ ناوچەکە بگێڕێتەوە، بەڵام لایەنی حکومەت پەیامەکەی نەبردووەتە سەر، ئیتر تاوانی شێخ چییە کە بێ بەڵێنی لەحکوومەتەوە بێت.

لەلایەکی تری نامەکەوا، نێرە دێتە سەر باسی:.. ئەوەی لەم چەند مانگەدا کەروویدا، بەحەزی برایانەمان نەبووە.. ئای لەو گاڵتەپێکردنە، کە نێردەری نامە بەو ڕووداوە چۆن ئاماژەی پێداوە، وا خۆی نیشانداوە کە ئاگاداری شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی نییەو بەحەزی هەردوولایان نەبووە.

ئەمە لەڕاستییەوە دوورەو دەیەوێت تاوانی ئەو قەسابخانەیە بشارێتەوە، کە سەربازەکانی حکومەتی پادشایەتی عێراق بەفەوجێک لەسلێمانی ئەنجامیاندا، کە پەیوەستبووە بەفەرمانی ڕاستەوخۆی مەلیکەوە، بەریتانیاش دەستخۆشی لێکردوون.

ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەدا دروستبووە کە نێردەری حکوومەتی پادشایەتی عێراق هاتووەتە سلێمانی و داوای لەجەماوەرەکە کردووە، بێعەت بەمەلیک بکەن و بچنە پاڵ حکوومتی عێراق. لەئەنجامدا جەماوەر خرۆشاوەو کەوتوونەتە خۆپیشاندان، دژ بەداواکەو پەلاماری سەرای سلێمانییان داوە، سەرئەنجام سەربازەکانی مەلیک لەسوپای حکوومەت، تەقەیان لەخۆپیشاندەران کردوەو کوژراوو بریندارێ زۆری لێکەوتووەتەوە.

ئەمە پیلانێک بووە، کە دوو شێوەی جیاوازی تێدا بەڕچاو دەکەوێت، لەلایەک بەفیتی ئینگلیز، هەندێک پاداشت کران و پلەو پایەی گەورەیان لەحکوومەتی عێراقدا وەرگرت، کە (عەولەسیبس) و هەڤاڵانی لەشێوەکەی تردا بەناوی کوردایەتییەوە بوونە قوربانی، ئەو پەیمانەش حکوومەتی عێراق ساڵی ?1932واتە دووای (دە) ساڵ واژۆی کرد.

سەرئەنجام، ئەوەی تۆڵەی عەولە سیس و بێتاوانەکانی تری سەندەوە، شەڕی ئاوباریک بوو، لەبەهاری 1931 ڕوویداو سێخی بەردەقارەمان سەرکردایەتی کرد. لەلایەکی تری نامەکەدا، فەیسەڵ، داوا لەشێخ مەحمود دەکات، دەڵێت: وەرە بۆ بەغداد، ئەگەر بۆماوەیەکی کورتیش بێت.. دیارە ئەو داوایەی فەیسەڵ بۆئەوەیە، وتوویژی خۆبەدەستەوەدانی لەگەڵدا بکات و کۆتایی بەشەڕی نێوانیان بهێنآ. لەهەمان کاتیشدا داواکەی وادەردەکەوێت، هەربۆئەوە بێت، هەروەکو دەڵێت: تۆ سەربەرزی لەهەر شوێنێک بتەوێت دابنیشی، ئازادی. بەمانا شێخ دەبێت کۆتایی بەشۆڕش بهێنآ دەستبەرداری چەک بێت، بۆ خزمەتی عەرشی مەلیک، و کوردیش ببێتە پاشکۆیان، ئەوەی دوای گەڕانەوەی عەلی ئەفەندی و گەیاندنی نامەو ڕاسپاردەکانی زارەکی فەیسەڵ بەشێخ مەحمود، ئەوە بوو داواکەی وەرنەگیرا.

دەقی نامەکەی مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ شێخ مەحمود

خۆشەویستم شێخ مەحمود، بەر لەهەموو شتێک پرسیار لە تەندروستیی و لەشیاغی برایانەت لێدەکەم، داوا لە خواوند دەکەم، بەردەوام لەخۆشیدا بیت، ئەم نامە دڵسۆزییەشم بەدستی شێخ عەلی ئەفەندی، کە ڕاستگۆیە بۆ برایەتییەکەی، بەدەمیی و بەنووسین، ئەوەی پێویست بووە گەیاندوومە. گەورەم.. بەرەنگاربوونەوەی توانای خواوند لەسەرو توانای مرۆڤەوەیە، کە ئێمە لەبەردەمیدا دەستەوەستانین، بەڵام ئەو خۆشەویستییەی لەنێوانماندا هەیەو ئەو پەیمانەی بەیەکتریمان بەپێی توانا داوە، بۆئەوەیە کە یارمەتی یەکتری بدەین.

من دڵنیام، ئەوەی لەم چەند مانگەدا، کەرووبدا بەحەزی برایانەمان نەبووە. بارودۆخە ناخۆشەکە، ناچار ئێمەی خستە ناو دەلاقەیەک، بەبێ داوای خۆمان، من لەوێژدانم دڵنیام، ئێوە بەو جۆرە حاڵەتانە ڕازی نین کە ڕوویدا، دڕێژی باسەکەیش بۆ شێخ جێدەهێڵم، کە باوەڕمان بەپاکێتی دڵیی و برایەتییەکەی هەیە، داوات لێدەکەم وەرە بۆ بەغدا، ئەگەر بۆماوەیەکی کورتیش بێت. من سوێند بەخواوند دەخۆم، کە مامەڵەی خراپ، زیان بە کەرامەت و ناموست بگەیەنێت، لەگەڵتانکەین، بەپێچەوانەوە، هەموو ڕێزو خۆشەویستییەک دەبینی و دەبیتە میوانی من، دوای ئەوەی کەماوەیەک دەمێنیتەوە، تۆ سەربەرزی لەهەر شوێنێک بتەوێت دابنیشی ئازادی. لێرەدا، من بەوە، کۆتایی دەهێنم، دووردڕێژی باسەکەش بۆ عەلی ئەفەندی جێدەهێڵم، بەوجۆرە، ئەوەی لەسەرم بوو بەجێمگەیاند.

لەکۆتاییدا داوا لە خواوند دەکەم، کە نێوانی برایەتیمان بۆ خێری هەموان چاکبکات و ڕووناکیمان پێببەخشێت.

لەگەڵ سلاودا.

فەیسەڵ

ناڤەندی پاراستن و زانیاری
(پاراستن)

با پاراستنی کوردستان ببێتە فەرهەنگی هەموومان



• هاونیشتیمانیان لەژێر شکۆی ئاڵای کوردستان، وەفادارییان بۆ خاکی کوردستان دەسەلمێنن.

• هەر هاوواڵتییەک، لەژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا بژی، پێویستە وەفادار بێت بەرامبەری و بە باوەڕی تەواوەوە خاکی کوردستان بپارێزێت و بەرەنگاری تیرۆریستان ببێتەوە.

* *

• کوردستان سەرزەمینی لێبووردەیی و پێکەوەژیانە، هاوواڵتیانی هیچ جۆرە سازشێک لەسەر ئەو لێبووردەیی و پێکەوەژیانە و پاراستنی ئاسایش و ئارامیەکەی ناکەن.

• هاونیشتیمانی هێژا، بەهۆی سەرنجێکی قوواڵی چاوی تۆوە و گەیاندنی هەواڵێک بۆ دەزگا هەواڵگری و نەمنییەکان، دڵنیابە پیلانی تیرۆریستان پوچەڵ دەبێتەوە و بەشدار دەبیت لەجەنگی دژ بە تیرۆر و تیرۆریستان و هاوکار دەبیت لە چەسپاندنی فەرهەنگی پاراستنی کوردستان.

ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای SCO



1

خۆشەوی مەلا بڕایم

ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای لە ڕووی تەناهییەوە تا ڕادەیەک دەستکەوتی هاوبەشی هەبووە، لە ڕووی سوپایشەوە لێکنێزیکبوونەوەیەک چێ کراوە، بەڵام وەکو ڕێکخراوێکی هەرێمی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵگە بە هاوشێوەی وەکو بلۆکەکانی جیهانی نەیتوانیووە ڕۆڵی خۆی ببینێت . ئەو ڕێکخراوە لە وڵاتانی ڕووسیا، چین، کازاخستان، کرکیزستان، ئۆزبەکستان، هیندستان و پاکستان پێکدێت وڵاتانی (ئێران، ئەفغانستان، بیلاروسیا و مەغۆلستان)یش وەکو ئەندامانی چاوەدێرن (ئازەربایجان، ئەرمەنستان، نیپاڵ، تورکیا، کامبۆچیا و سریلانکا) بە هاوکارانی دانوستاندن ئەژمار دەکرێن. چاوەڕێیەکی زۆر دەکرا، کە بە ئەندامبوونی هیندستان و پاکستان وەکو دوو وڵاتی زلهێز و خودان ئەتۆم هەڵوێستی نێودەوڵەتی و ئابووری ئەو ڕێکخراوە بەرز ببێتەوە. سێگوشەی ڕووسیا، هیندستان و چین زۆر گرینگە و هەر لە سالانی هەشتاکانەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەبووە. ئەرکی سەرەکیی ڕێکخراوەکەش:



•پەرەسەندنی پێوەندییەکانی ئابووری - بازرگانی و گواستنەوەیە.

•هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە ئەرکی تەناهی یەکێک لە پرسە گرینگە هاوبەشەکانی نێوان لایەنەکان بووە، کێشەی ئەفغانستان یەکێکە لە مەترسییەکانی سەر وڵاتانی SCOبووە، بۆیە دەستپێشخەری چوونە دەرەوەی هێزە دەرەکییەکانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا یەکێک لە هەوڵە هاوبەشەکان بووە، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی بۆشایی لەو وڵاتەدا چێ نەبێت، پێویستە کەکاری هاوبەش بۆ سەقامگیری ئەنجام بدرێت، هەڕەشەی دەوڵەتی ئیسلامیش یەکێکی دیکەیە لە مەترسییەکان.

•پێویستە بانکی پێشکەوتنی SCOو سندووقی هاوکاری دابمەزرێندرێن.

ئەرکێکی دیکەی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوە لێکۆڵینەوەیە لەبارەی هاوکارییەکانیان لەگەڵ گرووپی بیست، ناتۆ، UN، ASEANو...هتد. ئێستە هەر سێ ڕێکخراوی (ئەورۆئاسیا، شەنگهای و ڕێگەی ئاوریشم، کە بەناوی (یەک ڕێگە و یەک کەمەربەند دەناسرێت) هەوڵدەدەن، کە ئامانجەکانیان لەگەڵ کاروباری یەکدیی ناکۆک نەبن، بەو واتایە، کە بیرۆکەی جۆراوجۆر لەبارەی پێشکەوتنەکاندا دەگەڵ بەشێک لە پسپۆرانی چین لەو بڕوایەدانە، کە ڕێکخراوی شەنگهای کارا نییە و زۆر لەسەرەخۆ کار دەکات، بۆیە چین ناچار بووە، کە وەکو دەستپێشخەرێک ڕێکخراوی یەک ڕێگە و یەک کەمەربەندیش دروست بکات دەتوانین باسی چەندان کێشەی دیکەیش بکەین:

•بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا و چین هەمیشە لە ئاسیای ناوەڕاست یەکناگرنەوە.

•کێشە لەسەر سەرچاوەکانی ئاو هەیە. لە دوای ئەوەی، کە هێزی ئەمەریکایی و هاوپەیمانان لە ئەفغانستان بچنە دەرەوە لەوانەیە، کە کێشەکان پتر تەشەنە بکەن، هەروەها هەڕەشەی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامیش لە پەرەسەندنایە و بووەتە جێگەی مەترسی لایەنەکان. ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای پێوبستە، کە ئەمەرجە گرینگانەش بەهەند وەربگرێت: (1تا ئێستە پرسی بانکی پێشکەوتنی ئەو ڕێکخراوەیە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. 2) مەترسی گرووپەکانی توندڕۆی ئیسلامی لە ئەفغانستان و ئەگەری پەرەسەندنی داعش لەسەر زەوی ئەو وڵاتانەدا. 3) هێنانەکایەوەی پێوەندییەکی هەمەلایەنە لە جێگەی پێوەندیی سنووردار دوولایەنە. هەروەها پێویستە، کە ئەو ڕێکخراوەیە خۆی لە ڕێکخراوەکانی دیکەی ئەوروئاسیا و کەمەربەندی ئابووری ڕێگەی ئاوریشمی زۆر نێزیک بکاتەوە، کار لە پێناو پەرەسەندنی ئینفراسترۆکتۆرێکی هاوبەشدا بکرێت، یاساکانی کۆچکردن لەیەکدیی نێزیک بکرێنەوە و یاسای هاوبەشی کاری جێگیر بکرێت، بانکێکی هاوبەش دابمەزرێندرێت، لە هەمانکاتدا بانکی ئەوروئاسیا پەرەپێبدرێت، سیستەمێکی خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی چێ بکرێت، ڕووسیا داوا دەکات، کە هەڵوێستێکی هاوبەش لەگەڵ ڕۆژئاوا پێڕەو بکرێت.لە ڕووی ئابووریيەوە ئەو ڕێکخراوە دەتوانێت، کە ئاسانکاریی جۆراوجۆری ئابووری هەبێت، دەتوانێت لە ڕووی تەناهیی هەرێمییەوە ڕۆڵی خۆی ببینێت، بەڵام دووبەرەکی نێوان ڕووسیا - چین، ئێستەش، کە هیندستانیشی هاتووەتەسەر کارامەیی ئەو ڕێکخراوەیە کەمدەکاتەوە، پێویستە ئەو ڕێکخراوەیە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا و چیندا سەرووتر هەنگاو بنێت، هەر ئەو هۆکارەش یەکێک لە بەربەستە سەرەکییەکانی ناکارایی بووە، دیارە هەر لەبەرئەوەشە، کە چین ڕێکخراوی (یەک ڕێگە و یەک کەمەربەندی) دروست کردووە، 8ژ 9 ساڵ بەر لەو ڕێکخراوە وەکو ئامرازی دەستەبەرکردنی تەناهی دەستی بەکار کرد، ئێستەش بەسەر هەموو شتێکەوە گرینگی بە دیداری دوو لایەنەی ڕووسیا و چین دەدرێت، لە ئەنجامی ئەو دیدارانەش لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە بۆ پرسە گرینگەکان دەکرێت، بەرژەوەندی هەموو لایەنەکان لەبەر چاو ناگیرێت. بەهێزکەوتنی کێبەرکێی نوێی نێوان چین و هیندستان لە چوارچێوەی هەرێمی دەسەلاتی ئەو ڕێکخراوەدا وا لە ڕووسیا دەکات، کە ڕۆڵی بەپێی کات کەمبکرێتەوە. ڕێکخراوی شەنگهای لەبەر چالاکبوونی ئەمریکا لە ئەفغانستان توانای چارەسەری ئەو کێشەیەی نییە، بەڵام دەتوانێت ڕۆڵی ئاشتیخوازانە لە نێوان هیندستان و پاکستاندا ببینێت. لەلایەکی دیکەیشەوە بەرژەوەندییەکانی چین و هیندستان لەگەڵ ڕۆژئاوادا بە شێوەی جۆراوجۆری نێزیک و پێکەوەبەستراوەن و نایانەوێت، کە ڕووسیا مەیدانی ئەو ڕێکخراوانە بۆ دژایەتی ڕۆژئاوا بەکار بهێنێت. چوارچێوەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سنووردارن، هەرچەندە لە ڕووی دارایشەوە چەنا سەرچاوە.

بکات:

لە ڕۆژانی 10-8مانگی (7)ی 2015لە ئوفا پایتەختی باشکورتستان کۆبوونەوەی هاوبەشی لووتکەی سەرانی ڕێکخراوی بریکس ئەنجامدرا، کە لە ساڵی 2001دامەزراوە لە وڵاتانی (بەرازیل، ڕووسیا، هیندستان، چین و ئەفریقای باشوور) پێکدێت، دانیشتوانی BRICSنێزیکەی 3ملیارد کەس، لە 26% پێوەری جیهان، 15,435ترلیارد $ لە کۆی بەرهەمی ناوەخۆی GDPجیهانی واتە 14,6%پێکدێنێت.

بریکس یەکێتییەکی نارەسمی نێوان وڵاتانی بەرازیل، ڕووسیا، هیندستان، چین و ئەفریقای باشوورە، کە لە 42%دانیشتوانی جیهانی پێک دێنێت. ڕووسیا لە ساڵی 2015و بە تایبەتی کاتێک، کە ڕووبەرووی تەنگژە بووەتەوە دراویی - دارایی و پێوەندییەکانی دیکەی ئابووری بگۆڕێت، لەو بڕوایەشدایە، کە سیستەمی هەنوکەیی لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بەسەر جیهان داسەپێنراوە، لەسەرەتادا پێویستە، کە دراوێکی وەکو ئەلتەرناتیڤی دراوی پتەوی دۆلار و یورۆ بە هاوبەش لە نێوان ئەو وڵاتانەدا چێ بکرێت و سیستەمێکی نوێی بانکی و بیمەیی بەهێندرێتە کایەوە و پێوەندییەکانی ئابووری و ئاڵوگۆڕییەکانی بازرگانیش بۆ ئاستێکی بەرزتر بگوازرێنەوە، لە هەمبەر ئەو داخوازیانەدا چەندان کێشەی زەق هەن، کە گرینگترینیان بریتین لە: 1- بڵاوبوونەوەی ئەو وڵاتانە لە نێوان چوار کێشوەردا. 2- چین و هیندستان وەکو دوو زلهێزی ئەتۆمی هەوڵ دەدەن، کە ببنە پێشڕەو لە ڕووی تەکنیک و تەکنۆلۆژیا بە ڕێگەی کەناڵ و هاوکارییە مشکان لەگەڵ ئەوروپا و هیندستان دەیانەوێت، کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ هەموو جیهان و بەتایبەتی ئەوروپا و ئەمەریکا بەهێز بکەن، بە پێچەوانەوە بەرازیل و ئەفریقای باشوور دەیانەوێت لەگەڵ ئەفریقا و ئەمەریکادا و ڕووسیاش لەو نێودا ماوەتەوە. 4- بەرژەوەندییە لۆکاڵییەکانی ڕووسیا، چین و هیندستان یەکدی ناگرنەوە .میدیای ڕووسیایی باسی دراوێکی هاوبەشی بریکس و بانکێکی هاوبەش دەکەن، کە سەرمایەی 100ملیارد $، کە 40ملیاردی چین و 20 ملیاردیش ڕووسیا دابین دەکات بەبڕاورد لەگەڵ بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی ئەوروپا ئەو بڕە پارەیە زۆر کەمە. زیاتر لە 75%دانیشتوانی جیهان لە ئەوروئاسیادا دەژین، لە 70%ی یەدەکی وزەی جیهانیشی تێدایە. بەپێی مەزندەی بانکی جیهانی لە ساڵی 2025دا کۆی بەرهەمی ناوەخۆی GDPی جیهان بەو شێوەیە دەبێت (1-چین، 2- ئەمەریکا، 3- ژاپۆن، - 4هیندستان، 5- ئەندونیسیا) بەپێی مەزندەی سندوقی نێودەوڵەتی دراو لە ساڵی 2014کۆی بەرهەمی ناوەخۆی GDPی جیهان 100ترلیارد $ بووە، کە (18) ترلیۆن $ بە بەر ئەمەریکا، (17)ترلیۆن چین، بەرازیل 1,2ترلیۆن، 6 ترلیۆن $ ئەڵمانیا و 2بۆ 2,5 بە بەر هەریەک لە وڵاتانی فەرەنسا، ڕووسیا، ئینگلستان و ئیتاڵیا کەوتووە. ڕووسیا چاوەڕێی دەکرد، کە وڵاتانی بریکس لە لووتکەی ئوفادا هەڵوێستی هاوەدەردی لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا دەربڕن، بەڵام دیاربوو، کە ئەو وڵاتانە ئامادە نین، کە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی ڕووبەڕووی ڕۆژئاوا ببنەوە، بۆیە ڕووسیا خۆی بە تەنیا دەبینێت هەرچەندە ڕاگەیاندنێکی هاوبەش لەبارەی ڕووداوەکان دەکرا. بەهەر شێوەیەک بوو بۆ ڕووسیاش لە ڕووی دیپلۆماتییەوە سەرکەوتن بووە، کە توانی سەرۆکی وڵاتانی هەرەگەورە کۆبکاتەوە.



دروستکراون، بۆیە پێناچێت، کە ڕۆژئاوا لەو ڕێکخراوەیە بترسێت.


ئایا ڕێکخراوی BRICS دەتوانێ ڕابەرایەتیی جیهان هەوڵی هاوبەش لە پێناو گۆڕینی ڕێکخستنەکانی ئابووری جیهانی دەکات و ڕووسیا بەو ڕێگەیەوە دەیەوێت، کە سیستەمی ئەمریکادا، ڕووسیا بەبڕاورد لەگەڵ ئەو هەڵوێستەدا ڕووبەڕووی ئابلۆقەی ئابووری لەلایەن ئەو وڵاتانەوە بووەتەوە. 3- چین و

ئەمڕۆ لە میژوودا



سالی 1815:
ناپلیۆن پۆناپرت ڕووی کردە مەنفاکەی لە دوورگەی ئیلبا.

سالی 1863:
لیژنەی خاچی سووری نێودەوڵەتی لەسەر دەستی جان هێنری دۆنانتی سەرمایەداری سویسری دامەزرا.



سالی 1948:
بە پشتگیری یەکێتی سۆڤیەت، کۆماری میللی کۆریای باکوور ڕاگەیەنرا.



سالی 1992:
لە بۆردومانی فڕۆکەکانی ئیسرائیلدا عەباس موسەوی ئەمینداری پێشووی حزبوڵا کوژرا.



سالی 2005:
ڕێککەوتنامەی کیۆتۆی تایبەت بە کەشوهەوا چووە بواری جێبەجێکردن.



سالی 2017:
لە شارۆچکەی سەهوانی پاکستان تەقینەوەیەکی خۆکوژیی ڕوویدا و لە ئەنجامدا 88کەس کوژران و 270کەسی دیکە بریندار بوون.

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/2/16 ژمارە (5933)
خەبات



ئێرلەندا
لە بازنەی گەلڕەوتیدا

لیونێل لۆران

پێشکەوتنی پارتی (شین فین) لە هەڵبژاردنەکان لە ئێرلەندا، بە ساتێکی میژوویی پارتەکە دادەنرێت، کە لەمێژە بە زەحمەت دەتوانێت لە دەست هاوبەندییە کۆنەکانی، کە ئەویش تووندتیژی تایەفییە لە ئێرلەندا، خۆی دەرباز بکات. شتێکی ڕوونە، سەرکردە تازەکەی پارتەکە و بەرنامە سیاسییەکەی، کە لەسەر چاکسازیی قەیرانی نیشتەجێبوون و باشترکردنی خزمەتگوزاریەکانی گشتیی بەرپابووە، لەلای جەماوەر دەنگدانەوەی خۆی هەبوو. لەوانەیە ئەوەیان بە شێوەیەکی تایبەتی، لەسەر ئەو کەسانە پیادە بێت، کە تەمەنیان لە خواروو 35 ساڵی دایە، ئەوانەی ئاشتی بۆ ئەوان لە ئێرلەندا، بە شتێکی سروشتی دادەنرێت نەوەکو هەڵاوێرد. بەڵام بە تەواوی نازانین، بردنەوەی (شین فین) بە دەنگدانی میللی لە وڵاتێکدا چ مانایەکی هەیە.

کە هێشتا دوو پارتی گەورە (فاین گایل) و (فیانا فایل)، دەستیان بەسەر بەشێکی زۆری دەنگەکاندا گرتووە و، بیرۆکەی سیاسیی نزیک لە یەکدیشیان هەیە. ئەگەر ئەوە ئەو ساتە بێت، کە گەلڕەوتی چەپڕۆکی ئەو دوو پارتە لەسەر حکوومەتی ئێرلەندا لا دەبات، زۆر لەو هێزانە جیا دەبێت، کە بەریتانیای دراوسێیان هەژاند، چ گومانکردن لە یەکێتیی ئەوروپا و دەنگدان بۆ دەرچوون لێی بێت، یان هەموارکردنەوەی ئابووریی تەواو چەپڕۆکان بێت، ئەوەی جیرمی کۆربن، بەر لەوەی لە کانونی یەکەمی ڕابردوودا پشتی لە زەوی بدرێت، پشتیوانی لێدەکرد. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین، بردنەوەی (شین فین) لە خۆڕا نەبووە. چونکە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پارتەکە و ڕاستکردنەوەی ڕێچکەکەی، چەندین ساڵی خایاند، و پێویستی بە کۆکردنەوەی بەرەبەرەی پشتیوانی بوو لە هەڵبژاردنە یەک لە دوای یەکەکاندا، هەمان شت لە ناوچەی دیکەش ڕووی دا، کاتێک چەند گرووپێکی چەکدار بوونە پارتی سیاسیی بێ چەک. ماتیو ویتینگ، مامۆستای زانستەکانی سیاسیی لە زانکۆی بێرمینگهام دەڵێت، لە نێوان ساڵانی 1997و 2005دا، پشکی (شین فین) لە دەنگەکان لە 16.9%بۆ 23.3%بەرز بوویەوە، کەرتی بەنک و فرۆشتنی پشکەکانی ئێرلەندا وەکو پارێزبەندییەک بکەن. بەڵام دروستکردنی هاوبەندیی لەو گۆڕەدا، مانای وایە، ناکرێت پارتەکە یشتگوێ بخرێت، ناشکرێت خۆی لە گەیشتن بە سازش سەبارەت بە بەڵێنەکانی بەدوور بگرێت. سیستمی هەڵبژاردنەکان لە ئێرلەندا، کە پێشخستنی دەنگدەران و دابەشکردنی دەنگەکان بە شێوەیەکی فراوان لە نێوان (شین فین)، (فین گایل) و فیانا فایل) ڕێکەدەخات، وا دەکات هاوبەشیی بۆ دروستکردنی حکوومەت شتێکی پێویست بێت. ئەوە ئەو هۆکارەیە کە وا دەکات، چاودانە سەر (فیانا فایل) لەکاتی ئێستا، کە بەرەو بەدەستهێنانی زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمان و تەنگژەکانی گوزەر دەکات، سەبارەت بەوەی ئایا دەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ (شین فین) بکات یان نا. لەوانەیە (شین فین) هەندێ قەبارە لە دەست بدات، ئەوکاتەی لە دەسەڵاتدا دەبێت، یەکێ لە جمکەکان لەسەر کورسی پێشەوایەتی دادەنێت و هەندێ لە بەشە زۆر تووندڕۆکان، لە بەرنامە گەلڕەوتییەکەی لغاو دەکات، واشی لێدەکات بکەوێتە بەر نەشتەری لێپرسینەوەی باجدەران و دەنگدەرانەوە. ئەرکەکە بێ بەرپرسیاریەتی نابێت. ئەوروپاش کەمێک هۆکاری لەبەردەستە، کە وای لێبکات لە کەوتنی ئێرلەندا لە قەیرانی سیاسیی نیگەران بێت، کە سەقامگیری تێک دەدات. دینیس ماکشین، وەزیری پێشووی بەریتانیا بۆ کاروباری ئەوروپا ڕایگەیاند، سێ پارتە گەورەکەی ئێرلەندا، پشتیوانیی لە ئەوروپا دەکەن، ئەگەر بە شێوەی جیاوازیش بێت. لەو دەمەی (شین فین) داوا دەکات، کێشەی گشتپرسی لەسەر سنوور، بۆ گێڕانەوەی یەکپارچەیی ئێرلەندا، بکرێتە شتێکی سەرڕاست، پشتیش بەو گشتپرسییە نەبەسترێت، کە چەند ساڵێک پێش ئێستا ئەنجام دراوە، هیچ گرەنتییەکیش نییە شانشینی یەکگرتوو قبوڵی بکات. هەرچەندە (شین فین) لە مێژە ڕەخنە لە تەڤکۆیی (تکامل) ئەوروپی دەگرێت، کەچی بەم دواییە ڕیتمی دەنگی گۆڕاوە. لە ڕاستییدا پشتیوانی لە بڕیاری بڕۆکسل، سەبارەت بە پێ ژماردنی کۆمپانیای (ئەپل) بە بڕی زیاتر لە 14 ملیار یۆرۆ (15.3ملیار دۆلار) کرد، کە وەکو باج نەیداوە و بە شێوەیەکی نایاسایی خۆی لەدانی لە ئێرلەندا دزیوەتەوە. هەرچەندە لێکچوونێکی زۆر لەگەڵ لیستی پێشنۆرەکانی تووندڕۆی چەپڕۆی کۆربندا هەیە، ئەوەی بەریتانییەکان لە دوایین هەڵبژاردن ڕەتیان کردەوە، کەچی بەرنامەکەی (شین فین)، داوای گۆڕینی ڕێژەی باجەکانی بە ڕێژەی 12.5% لەسەر کۆمپانیاکان لە ئێرلەندا، کە بە بنەمای نموونەی وڵات لە باجی کەم دادەنرێت نەکرد. فاردکار، لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا وتی، (شین فین) پارتێکی سیاسیی ئاسایی نییە. ئەو پێشنیارە شایستەی تاقی کردنەوەیە. پێشدەچێت ئێرلەندا، لەسەر گرتنە بەری ڕێچکەیەکی گەلڕەوتی جیاواز لە برێکزێت و کۆربن موکڕ بێت.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:
www.alittihad.ae

مانشێت



سکای نیوز:
لە فڕۆکەخانەی هیسرۆی لەندەن بە گومانی تووشبوونی سەرنشینانیان بە ڤایرۆسی کورۆنا ،هەشت فڕۆکە دەستبەسەر کران .



ئیلاف:
سەرۆکی بیلاروسیا ڤلادیمیر پوتنی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە پێناوی گێڕانەوەی وڵاتەکەی بۆ سەر خاکی ڕووسیا کار دەکات.



ئەی ئێف پی:
حکوومەتی بەریتانیا دوای بڕیگزت یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا و ڕایگەیاند کە حکوومەت لە داهاتوودا چی پێویست بێ دەیکات لە بەرژەوەندی هاوڵاتیان.



ڕۆیتەرز:
ئەمەریکا ڕایگەیاند کە لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان گەیشتۆتە ئاگربەستێکی کاتی.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کورۆنا لە چین 1500کەسی تێپەڕاند و ژمارەی توشبووانیش گەیشتە 66هەزار.



کەناڵی ئار تی:
لە ناوەڕاستی مالی و لە ئەنجامیی هێرشێکی چەکداریدا لانی کەم 20کەس کوژران.

کاریکاتێر



ماوەی سی ساڵە زستان سەرمای وای بەخۆیەوە نەبینیوە

شارەزایانی کەشناسی: گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بۆتە هەڕەشە بۆ سەر مرۆڤایەتی







ساسان دەرویش/ هۆڵەندا

لە دیاردەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە جیهاندا ، لەسەر هەسارەی زەوی بەگشتی و توانذنەوەی بەردەوامی بەستەڵەکەکان لە جەمسەری باکوور و بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئاو لەسەر ئاستی دەریاکان، لێکەوتەی ترسناکی بۆ مرۆڤایەتی خولقاندوە.


لە کارەساتە یەک لە دواییەکەکانی سروشتی لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو سووتانی دارستانەکان و ئاگر کەوتنەوەلێیان و وشکە سالّی و بێ بارانی و شەپۆلی ڕەشەبا و تۆز و خۆڵ وهەروەها نزم بوونەوەی پلەی گەرما بۆ گۆڕینی سارد و سەرما وبا و بۆران و بەفر و بومەلەرزە و وێرانکاری ، ئەمسالّ ئەورووپاشی بەگشتی گرتۆتەوە لەوگۆڕانکارییانەی کە لە هەندێ وڵاتی ئەورووپی لە ڕابردوودا هاوشێوەیان نەبووە ، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەپۆلێکی توندی زریان و ڕەشەبایەکی توند زۆربەی زۆری ووڵاتانی ئەورووپای گرتۆتەوە، کەبوونە هۆی هەڵوەشەندنەوەی سەدان گەشتی ئاسمانی ووڵاتانی جیهانی ، سەرەڕای پەکخستنی شەمەندەفەرەکان و هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی لە ناوشارەکان و هاتووچۆی ئۆتۆمبیلی گەورەی بارهەڵگرەکان و دواخستنی چالاکیە وەرزشیەکانی نێوخۆیان و نێودەوڵەتی بۆکاتێکی نادیار، هەروەها بەزەحمەت گەیشتنی فەرمانبەر و کرێکاران بۆ شوێنی کارو قوتابخانە و فەرمانگاکەن ، کە وێڕای ئەوەی کەشوهەوا ناخۆش بوو ، هیچ پشوویەکی فەرمی ڕانەگەیەنراو، ڕینمایکردنی لایەنی پەیوەندار لە دام و دەزگاکانی پۆلیس و فریاکەوتن و نەخۆشخانەکان و دەزگاکانی تری هاتووچۆ بۆ سەلامەتی هاووڵاتیان و بەهانا چوونیان چەندین هێڵی گەرمی تەلەفۆنیان خستە بەردەست ، لە کاتی ئەگەری هەر ڕووداوێ تیمەکانی فریاکەوتن بگەنەلایان، بۆ ئەومەبەستەش سەرەتا کۆدی پرتەقاڵیان ڕاگەیاند کە خێرایی ڕەشەبا 80کیلۆمەتربوو لە کاتژمێرێکدا ، داوایان لە هاوڵاتیان کرد دووربکەونەوە لە ناوچە دارستانیەکان و کەنارەکانی دەریاو هاتووچۆی شارەکان و ئەگەر بکرێ لە نیومانەکانی خۆیان بمێنن کە پشووی هەفتە بوو لە شەممە و یەک شەممە ، 8و 9ی شوبات ? 2020دواتر بەهۆی زیادی خێرایی ڕەشەباکە بۆ 100 بۆ 120کیلۆمەتربوو لە کاتژمێرێکدا کۆدی سوور ڕاگەیەنرا کە بووە هۆی زەرەر و زیانێکی زۆری مادەی لە وڵاتانی ئەورووپا بەگشتی ، لە هەڵکەندنی دارەکان و شکاندنەوەیان بەسەر خانوو و ئۆتۆمۆبیلەکاندا دروستکردنی ئاستەنگی بۆ هاتووچۆکردن ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەندێ لە هاوڵاتیان کەوتنە سەرکێشیکردن لەگەڵ ڕەشەبادا و بەرەو کەناری دەریاکان چوون بۆ بینینی دیمەنەکانی و پاش چەند ڕۆژێک ڕەشەباکە لە کۆدی سوورەوە گۆڕدار بۆ کۆدی زەرد کە خێرایییەکەی لە 75بۆ 90کەمتربۆوە بەڕادەی هەڵکردنی لە سەرەتادا و خۆشبەختانەش کارەساتی مرۆیی گەورە و ناخۆشی تۆمارنەکراوە بەهۆی فریاکەوتنی تیمەکانی فریاگوزاری و ئاگرکوژێنەوە و پۆلیس و هاوکاری دەستبەجێی هاووڵاتیان ، لە ئێستاشدا کەشوهەوا ئاسایی بووە بۆ پلەکانی گەرمی 6بۆ . 8بەمشێوەیەش لە ساڵی 2007کە زیانی 175ملیۆن یۆرۆ بوو، هەروەها ساڵی 2013ش بەهەمان شێوە 15ملیۆن بوو، ساڵی 2018ش 90 ملیۆن بوو ئەم ساڵیش 2020مەزندە دەکرێ بۆ 150ملیۆن، هەروەها هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستان بەدەر نەبووە لە شەپۆلی سەرماو بەفربارین و پەخستنی ڕێگاوبان و هاتووچۆکردنی سنوور و ناوچە شاخاوییەکان بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرمی بەشێوەیەی بەرچاو بۆ ژێر سفر ، بەگوێرەی میدیاکانی عێراقیش لە چوارچێوەی ئەو شەپۆلی سەرمایەی کە ڕووی لە ناوچەکە کردووە ، بەفر لە شاری بەغداد باری و هاوڵاتیانی ئەو شارەی سەرسام کرد ، چونکە چەند دەیەیەکە لەو شارەدا بەفر نەباریو ، هەوڵەکانی میدیکانی هۆڵەندا و ئەورووپاش پێشبینی جارێکی تری هەمان ڕەشەباو زریان بکەن بەناوێکی ترەوە لە هەفتەی داهاتوودا .



کورەکەی مەروە میمی کوژرا

بەگوێرەی هەواڵێکی گۆڤاری هونەری ئەلیەوم ئەلسابع، کورەکەی بێژەری دەرکەوتووی کەنالّی ئەلنەهاری میسری مەروە میمی، لە ئەنجامی شۆخی کردن لەگەل هاورێیەکانی گولەیەکی بەرکەوتووەو یەکسەر گیانی لە دەستداوە. کورەکەی ناوبراو ناوی کەریمەو تەمەنی 15ساڵانە، گولەکەش بەبەر سەری کەوتووەو بەهۆیەوە گیانی لە دەست داوە.

(تامەزرۆیانی هەویری دەان بۆ چارەسەر) ئامۆژگارییە گرنگەکان لەکاتی چارەسەری سووتان لە ماڵەوە



هەندێ کەس تووشی سووتانی جەستە ئەبن، بەتایبەت خانمان لەکاتی چێشت لێنان، هەندێکیان بەناچاری و بەشێوەیەکی هەڵە هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەم ڕووداوە ئەکەن، وەک دانانی هەویری دەان شوشتن.دکتۆرە (وفاء علم الدین) ڕاوێژکاری نەخۆشییەکانی پێست، لە لێدوانێکی بۆ کەنالّی (مصراوی) دەربارەی جۆرەکانی سووتان و چۆنیەتی هەڵس و کەوت لەگەڵیان، گرنگترین ئامۆژگاری ڕوونکردەوە.

ڕاوێژکاری نەخۆشییەکانی پێست دەڵێت؛ لەکاتی سووتانی دەست یان هەر بەشێکی تری پێست، پێویستە شوێنی سوتاو خێرا بخرێتە ژێر ئاوێکی سارد، گومانیش نیە کە زۆربەی ماڵان کرێمەکانی سوتانیان لەماڵەوە هەیە.

جۆرەکانی سووتان و چۆنیەتی هەڵس و کەوت لەگەڵیان:

سووتان لەجۆری پلە یەک:سوتان لە جۆری پلە یەک دەبێتەهۆی تێکچوونی سادە لە پێست، کە دەبێتە هۆی سورهەڵگەڕان و هەوکردنێکی ئاسایی چینی دەرەوەی پێست. دەتوانرێت ئەم جۆرە چارەسەربکرێت بە بەکارهێنانی هەتوان (مەرهەم)ی سوتان بۆ هێورکردنەوەی پێست، چونکە تەنها سووتانەکە تەنها کاریگەری لەسەر چینی دەرەوەی پێست، بەمەش هاوکارە لە چارەسەری ئاسان بە بێ بوونی هیچ نیشانەیەکی سووتان.

سووتان لەجۆری پلە دوو:سوتان لە جۆری پلە دوو دەبێتەهۆی سورهەڵگەڕانی پێست و دەرکەوتنی پۆرگ و بلۆق، ئێش و ئازار لەکاتی دەست لێدانی پێستی تووشبوو، هەڵئاوسانی شوێنە سوتاوەکە. دەتوانرێت ئەم جۆرە چارەسەربکرێت بە دانانی کرێمی بابەتی لەسەر شوێنە سوتاوەکە و داپۆشینی بە شاشێکی تایبەت بە سووتان بۆماوەی 3ڕۆژ لەگەڵ گۆڕینی بەردەوامی شاشەکەی سەر سوتانەکە و دەست لێنەدانی شوێنە سوتاوەکە.

سووتان لەجۆری پلە سێ:سوتان لە جۆری پلە سێ توندترین جۆری سووتانە لەبەرئەوەی دڕێژدەبێتەوە بۆ سێ چینەکانی (چینی دەرەوە و ناوەڕاست و ناوەوە)، ئەم جۆرەیان کەمترین ئازاری هەیە لەبەر قوڵی سووتانەکە کە دەبێتە هۆی تکچوون و لەناوبردنی دەمارەکان. بەمەش هەستکردن بە ئازار ناهێڵێت.

نیشانەکانی ئەم جۆرە سووتانە دەگۆڕێت بە گوێرەی ڕەنگی پێست بۆ ڕەنگەکانی ڕەش و قاوەیی و سپی.

دەتوانرێت سووتانی پلە سێ چارەسەربکرێت بە گواستنەوەی نەخۆشەکە بۆ نەخۆشخانە و بۆ وەرگرتنی چارەسەری گونجاوی پزیشکی، چونکە ناکرێت ئەم جۆرە سووتانە لە ماڵدا چارەسەر بکرێت.

ئامۆژگارییەکانی چاودێری سووتان:

– ڕاستەوخۆ ساردکردنەوەی سووتانەکە لە ژێر ئاوی سارد، دوای ڕوودانەکە.

– نەخستنەسەری هەویری دەان بۆ سەر شوێنی سووتانەکە، چونکە دەبێتە هۆی زۆرترکردنی ئازاری سووتان.

– داپۆشینی شوێنە سوتاوەکە بە پارچەیەک لە شاشی پاکژ بۆ پاراستن لە پیسبوون.

– پیسنەکردنی سوتانەکە بۆ پاراستن لە تووشبوونی شوێنە سوتاوەکە بە بەکتریا و کەڕوو.

– دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی تیشکی گەرمی خۆر.

وەرگێڕانی: م. ئاوارە محمدئەمین کەوەرتی

سەرچاوە: نمط الحیاة


ئاگرکەوتنە لە دارستانەکانی ئوسترالیا



ئەمڕۆ خولی نایابی عێراق دەستپێدەکات:

زەورا و نەجەف ڕووبەڕووی تەڵەبە و سناعاتی کارەبا دەبنەوە

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

دوای دەستلەکارکێشانەوەی سەرجەم ئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق ، ئێستا ئەم یەکێتیەتە وەرزشییە لەلایەن لیژنەیەکی کاتی بەڕێوەدەچێت و ئەم لیژنەیە بۆ دەستپێکردەوەی خولی نایابی عێراق بریاریدا خولەکە بەبەشداری 14یانە ئەنجام بدرێت ، وابڕیارە ئەمڕۆ یەکشەمە لەیاریگای شەعب لەشاری بەغدا هەردوو یانەی زەورا و تەڵەبە لەیاریەیەکی پڕ جەماوەریدا ڕووبەڕووی یەکتربنەوە، یاریەیەکە یەکەم یاریە بۆ هەردوو یانەکە، واپێشبینی دەکرێت یاریەیەکە یاریەیەکی بەهێز دەبێت و هەردوولا هەوڵی یەکەم بردنەوەیان لەخولەکە دەدەن، بەڵام تافیکەی کۆتایی ناوبژیوان هیچ پێشبینیەک لەسەر یاریەیەکە ناگوترێت و ئەو کاتە کەیاریەیەکە کۆتایی هات تیپی براوە دیار دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە هەر ئەمڕۆ دوو یاری دیکە لەهەمان خول بەڕێوەدەچێت، لەوانە هەردوو یانەی ئەمانەی بەغدا و نەفتی ناوەراست بەیەکدەگەن، هەرەوەها نەجەف و سناعات کارەبا ڕووبەڕووی یەکتردەبنەوە. دووسبەی سێشەمە لەیاریگای نێودەوڵەتی هەولێر ، یانەی هەولێر پێشوازی لەیانەی حدود دەکات، هەولێر ئەم وەرزە بەکۆمەڵێک یاریزانی تازە و ئاست بەرز بەرامبەر حدود خۆی تاقیدەکاتەوە، هەولێر ماوەیەکی زۆرە ئامادەکاری بۆ خولی نایابی عێراق دەکات ، بۆیە یاریەیەکە بۆ هەولێر سەرەتا کەمێک قورس و ناخۆش دەبێت ، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت یانەی هەولێر ماوەی رابردوو کۆمەڵێک یاریزانی تازەی هێنایە ڕێز تیپەکە بۆ ئەنجامدانی سەرجەم یاریەیەکانی خولی نایابی عێراق بۆ وەرزی 2019-2020.

پێویستە بگوترێ ئەم وەرزە خولی نایابی عێراق 14یانە بەشداریان تێدا کردووە و ئەو یانەیەی کەزۆرترین خاڵ کۆدەکاتەوە ئەو دەبێتەوە پاڵەوانی خولەکە، هەرەوەها هیچ یانەیەکی نێو خولەکە بۆ ڕێزی یانە پلەیەکانی عێراق دانەبەزی .



سێلفیەک لەگەڵ زێدان
زیانی ئوتۆمبێلەکەی لەبیر بردەوە

لەکاتی چوونی بۆ یەکەکانی مەشقی یانەی ریال مەدرید، زینەدین زێدانی راهێنەر تووشی رووداوێکی هاتووچۆ دەبێت و خۆی بە ئۆتۆمبێلەک دادەدات.

ڕۆژنامەی ئاسی ئیسپانی لە زاری ئیگناسیۆ فیرناندیز بڵاوی کردەوە کە شوفێری ئەو ئوتۆمبێلەیە کە زیدان خۆی پێدادەوە و دەگێڕێتەوە و دەڵێن: کاتێک لەشەقامێکدا ئوتۆمبێلم لێدەخوڕی لەناکاو ئوتۆمبێلێک لە دواوە خۆی پێدادام، شوفێرەکە هاتە حوارەوە و بۆڵای من هات بۆ ئەوەی لە سەلامەتی من دڵنیا بێت، کە بینیم ئەو شوفێرە زێدانە، تووشی شۆک بووم، بە زێدانم گوت زۆر بەو ئاواتە بووم بەتۆ بگەم بەڵام لەشوێنێکی ئاوا نا، ئێستاش خۆشحاڵم کە بەتۆ گەیشتم و ئەو رووداوە لەبیر بکە و داوا دەکەم سێلفیەک بگرین، هەروەها گوتی: زێدان زۆر بەڕێزەوە کلاوەکەی لەسەری لادا و سێلفییەکمان گرت و زێدان لای خۆشیەوە سوپاسی ئەو شوفێرەی کرد کە لەئاکامی ئەو رووداوەوە نەیهێشت لە چوونی بۆ مەشقی یانەی ریال دوابکەوێ و هەروەها داوای هیچی لێم نەکرد جگە لە وینەیکی سێلفی.


ئەرزووی کۆکردنەوەی دریسی یاریزانانە

ئەمجارە جیانلۆجی بۆفۆنی گۆڵچی یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی دریسی لەگەڵ دانیال مالدینی ئالوگۆڕ کرد و دریسەکەی بردەوە بۆ نیو هەگبەی ئەو دریسانەی تا ئێستا پاراستویەتی.

لە یاریەکەی میلان و یۆڤینتۆس کە بەئەنجامی 1-1کۆتایی هات، بۆفۆنی تەمەن 42ساڵ دریسەکەی دانیالی کوڕی پاولۆ مالدینی بەرگریکاری پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و یانەی میلانی وەرگرت و ئەمەش پەیامێکە کە لە کاروانی وەرزشیدا لەگەڵ باوک و دواتریش لەگەڵ کوڕەکانیان یاریی کردووە.



ئیگالۆ بۆ یاریەکەی ئەمشەوی نێوان مان یونایتد و چێڵسی ئامادەیە



ئۆلی سۆلسکایەری راهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد رایگەیاند کە ئۆدیۆن ئیگالۆ کە بەمدواییە بەشێوەی خوازراو چوەتە مان یونایتد بڕوا ناکات کە دریسی ئەو یانەیە لەبەر دەکات، چونکە لە منداڵییەوە ئەو یانەیەی زۆر خۆشویستووە، بۆیە دەتوانێت لە یاریەکەی ئەمشەو یاری پێ بکەم بەرامبەر یانەی چێڵسی.

راهێنەری مان یونایتد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە ئەو یاریزانە نایجیریە ئامادەیە بۆ یاریەکەی ئەمشەو و لەگەڵ ئیمە گەشتەکە ئەنجام دەدات و بەدووری نازانم کە بەشداری ئەو یاریەی پێ بکەم.

جێی باسە ئیگالۆی تەمەن 30 ساڵ تا کۆتایی ئەم وەرزە لە یانەی شیگهای چینییەوە بەخوازراو ڕووی کردۆتە یانەی سەیتانە سوورەکان و دەستبەرداری کەمکردنەوەی مووچەکەشی بووە تەنها لەبەر ئەوەی لە ئۆلتدترافۆرد یاری بکات.

ڕاکیتیچ خەون بەوە دەبینێ لەپاڵ ڕۆنالدۆ یاری بکات

ئیڤان ڕاکیتیچی ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی خوازیاری ئەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەتەنیشت کریستیانۆ ڕۆنالدۆ یاری بکات.

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا بڵاویان کردەوە کە بەرپرسانی یانەی یۆڤینتۆس زۆر لەوە نزیک بوونەتەوە کە کەل وەرزی گواستنەوەی هاوینەدا ڕاکیتیچ ببەنە ریزەکانیەوە، ئەم لێدوانەی بەمدواییەی ڕاکیتیچیش کە خەون بەوە دەبینێت لەپاڵ ڕۆنالدۆ یاری بکات، ئاماژەیەکە بۆ چوونی بۆ ئیتاڵیا.

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla


خەبات XEBAT
Sun.16. Feb. 2020 No: (5933)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر
















مومتاز حەیدەری و داهێنانێکی نوێ لە چاپکردنی شەش کتێبدا


سەردانی مومتاز حەیدەری بۆ خەبات شەوی ٨ ی ٢ی ٢٠٢٠

خەبات–دڵشاد

لەم ڕۆژانە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەلەکەمان مومتاز حەیدەری، سەرەتای ساڵی 2020ی بە داهێنانێکی نوێ لە چاپکردنی چەند بەرهەمێکی نوێ گوڵپێژ کرد، شەش کتێب بە یەکەوە لە بۆکسێکدا و بە دیزاین و بەرگێکی شایستە لە چاپ دەرچوون، شەوی 8ی ئەم مانگە مامۆستا مومتاز حەیدەری بەرهەمە نوێیەکەی بەدیاری بۆ خەبات هێنا ، پێی ڕاگەیاندین لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بەرهەمەکە ڕادەگەیەندرێت و بڵاوەدەکرێتەوە، کە بریتین لەم کتێبانە:

*** گوڵچنێک لە یادداشتەکانی سالح حەیدەری.**

کتێبی (گوڵچنێک لە یادداشتەکانی سالح حەیدەری) کتێبێکی 472 لاپەڕەیە بە قەبارەی گەورە و بەرگێکی شایستە، لە وەرگێڕانی حەیدەر عەبدوڵڵا و پێداچوونەوەی مومتاز حەیدەری، وەک لە لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکە ئاماژەی پێکراوە، بەشێک لە دەستنووسی بڵاونەکراوەی سالح حەیدەریە، 40 لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکە بەناوی فەرهەنگی نەمران بۆ وێنەی ژمارەیەکی زۆری تێکۆشەری دێرین و کەسایەتیی نەتەوەیی، نیشتمانی، سیاسی، کلتووری ـ کۆچکردوو و زیندوو- بڵاوکراوەتەوە و مومتاز حەیدەری لەبارەی فەرهەنگەکەوە چەند پەرەگرافێکی نووسیوە.لەم کتێبەدا وێڕای ژیانی ڕۆشنبیر و سیاسی و ڕۆژنامەگەریی سالح حەیدەری، زانیاریەکی زۆر گرنگیش لەبارەی دامەزراندنی حزبی هیوا و یەکێتی تێکۆشین و حزبی شۆڕش و حزبی ڕزگاری و دەرکردنی ڕۆژنامەی نهێنی و زۆر بابەتی دی بەرچاو دەکەون.

*** کۆمەڵە وتارێکی گرنگی بڵاونەکراوەی سالح حەیدەری.**

کتێبی (کۆمەڵە وتارێکی گرنگی بڵاونەکراوەی سالح حەیدەری) بە کوردی و عەرەبییە، بەشی عەرەبی 287لاپەڕەیە، بەشی کوردی 328لاپەڕەیە، قەبارەی گەورەیە و بەرگێکی جوانی هەیە، لە وەرگێڕان و ئامادەکردنی د. ئازاد عوبێد سالح، ناساندنی مومتاز حەیدەری و پێشەکی گشتی بەختیار حەیدەری، کتێبەکە لە چەند بەشێک پێکهاتووە: بەشی یەکەم/ ڕێگە چارەی ئاشتی، بەشی دووەم/بەیاننامەی ئاداری 1970لە نێوان دەق و جێبەجێ کردندا، بەشی سێیەم/ لە دوای ڕاگەیاندنی بەرە، بەشی چوارەم/ ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان لە ئاداری 1974دا.

کتێبەکەبەسەر ئەو بەشە سەرەکییانەدا دابەش کراوە، بەڵام زۆر بە وردی و فراوانی زۆرترین ڕووداوی ساسیی سەردەمی نووسینەوەی کتێبەکەی گرتۆتە خۆ.

*** سالح حەیدەری -1922 2001.. ڕۆڵی سیاسیی و ڕووناکبیریی.**

کتێبی (سالح حەیدەری 1922-2001 ڕۆڵی سیاسیی و ڕووناکبیریی) کتێبێکی 246 لاپەڕەیە بە قەبارەی گەورە و بەرگێکی قەشەنگ، لە نووسینی بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا ماستەرنامەیەکە پێشکەش بە بەشی میژووی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، مومتاز حەیدەری بەناوی (لەپێشوازی ئەم کتێبەدا) پێشەکییەکی نووسیوە، ساڵی 2012دەک چاپی یەکەم چاپ کراوە و ئەم چاپەیشی چاپی دووەمە، ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لە: دەروازە/ ژیان و کەسایەتی ساڵح حەیدەری، بەشی یەکەم/ ڕۆڵی سیاسی سالح حەیدەری لە نێوان سالانی 1945 -1942دا، بەشی دووەم/ ڕۆڵ و چالاکییە سیاسییەکانی حەیدەری لە نێوان سالانی -1946 1980دا، بەشی سێیەم/ ڕۆڵی ڕووناکبیریی سالح حەیدەری.

*** جەمال حەیدەری -1926 1963.. ڕۆڵی سیاسیی و ڕۆشنبیری.**

کتێبی (جەمال حەیدەری 1926-1963.. ڕۆڵی سیاسیی و ڕۆشنبیری) کتێبێکی 351لاپەڕەیە بە قەبارەی گەورە و بەرگێکی قەشەنگ، لە نووسینی بارزان محەمەد عەلی، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا ماستەرنامەیەکە لە 12/10/2016لە زانکۆی سەلاحەدین گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، مومتاز حەیدەری پێشەکییەکی بەناوی (جەمال حەیدەری لووتکەی سەرکردایەتی) نووسیوە، ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لە: دەروازە/ ژیان و کەسایەتی جەمال حەیدەری، بەشی یەکەم/ ڕۆڵی سیاسی جەمال حەیدەری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی عێراقدا -1942 1963، بەشی دووەم/ هەڵوێستی جەمال حەیدەری لە بەرانبەر پرسی کورد. بەشی سێیەم/ ڕۆڵی ڕۆشنبیریی جەمال حەیدەری، هەروەها لە لاپەڕە 233تا لاپەڕە 343 لەوانە 33لاپەڕەی بۆ چەند بەڵگەنامەیەک تەرخان کراوە، ئەوانەی دی واتە 76لاپەڕەی بەشی پاشکۆ لە لایەن مومتاز حەیدەری بۆ کتێبەکە زیادکراوە کە لێکۆڵینەوەیەکە شەهید جەمال حەیدەری پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول 1961بە عەرەبی نووسیویەتی، شەفیقی حاجی خدر کردوویەتیە کوردی، لێرەدا بەکوردی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

*** مومتاز حەیدەری باخچەیەکی ڕەنگین لە کلتووری کوردیدا.**

کتێبی (مومتاز حەیدەری باخچەیەکی ڕەنگین لە کلتووری کوردیدا) بە قەبارەی گەورە و 495لاپەڕە و بەرگێکی جوان، لە ئامادەکردن و سەرپەرشتیی مومتاز حەیدەری، ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لە: گۆڤاری k21 وەک سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی کوردی لە بەڵگەنامەکانی دەربارەی سالح حەیدەری، ئەرشیفی ئەحمەد عەلی، ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لە: بەشی یەکەم/ ژیاننامە و پێگەیشتنی بەسەر سێ تەوەردا دابەش بووە، بەشی دووەم/ ڕۆڵی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، بەشی سێیەم/ حەیدەری و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، بەشی چوارەم/ گۆڤاری k21و لەیلا قاسم و لەیلا زانا بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، بەشی پێنجەم/ بەرهەم و نووسینەکانی بەسەر شەش تەوەردا دابەش بووە، بەشی شەشەم/ مشتێک لە وتار و دیدارەکانی مومتاز حەیدەری کە بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، لە کۆتاییدا چەند لاپەڕەیەک وەک پاشکۆ بۆ بەڵگەنامەکان تەرخان کراوە.

*** کەشکۆلێکی کلتووری.**

کتێبی (کەشکۆلێکی کلتووری) بە قەبارەیەکی گەورە و 336لاپەڕە و بەرگێکی جوان، لە ئامادەکردن و سەرپەرشتیی مومتاز حەیدەری، ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لە: گۆڤاری k21 وەک سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی کوردی لە بەڵگەنامەکانی دەربارەی سالح حەیدەری، ئەرشیفی ئەحمەد عەلی، ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لە: بەشی یەکەم/ ژیاننامە و پێگەیشتنی بەسەر سێ تەوەردا دابەش بووە، بەشی دووەم/ ڕۆڵی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، بەشی سێیەم/ حەیدەری و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، بەشی چوارەم/ گۆڤاری k21و لەیلا قاسم و لەیلا زانا بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، بەشی پێنجەم/ بەرهەم و نووسینەکانی بەسەر شەش تەوەردا دابەش بووە، بەشی شەشەم/ مشتێک لە وتار و دیدارەکانی مومتاز حەیدەری کە بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، لە کۆتاییدا چەند لاپەڕەیەک وەک پاشکۆ بۆ بەڵگەنامەکان تەرخان کراوە.

*** کەشکۆلێکی کلتووری.**

کتێبی (کەشکۆلێکی کلتووری) بە قەبارەیەکی گەورە و 336لاپەڕە و بەرگێکی جوان، لە ئامادەکردن و سەرپەرشتیی مومتاز حەیدەری، ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لە: گۆڤاری k21 وەک سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی کوردی لە بەڵگەنامەکانی دەربارەی سالح حەیدەری، ئەرشیفی ئەحمەد عەلی، ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لە: بەشی یەکەم/ ژیاننامە و پێگەیشتنی بەسەر سێ تەوەردا دابەش بووە، بەشی دووەم/ ڕۆڵی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، بەشی سێیەم/ حەیدەری و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، بەشی چوارەم/ گۆڤاری k21و لەیلا قاسم و لەیلا زانا بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، بەشی پێنجەم/ بەرهەم و نووسینەکانی بەسەر شەش تەوەردا دابەش بووە، بەشی شەشەم/ مشتێک لە وتار و دیدارەکانی مومتاز حەیدەری کە بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، لە کۆتاییدا چەند لاپەڕەیەک وەک پاشکۆ بۆ بەڵگەنامەکان تەرخان کراوە.

کوردی لە هەولێر نوسینی پ.ی. د. ئازاد عوبێد سالح، نازەنین حەیدەری 1942- 2014 توێژینەوەیەکی مێژوویی لە ژیان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئامادەکردنی خالید جوبرائیل تەها و شیمال محەمەد ڕەمەزان، بیبلۆگرافیای 12ژمارەی گۆڤاری k21ئامادەکردنی د. شوان سلێمان و ڕەسوڵ بەختیار، عەبدولڕەحمان بێتلاف لە باوەشی سۆفیگەریدا نووسینی مومتاز حەیدەری، نامەیەک بەدەم باوە دەفڕێ و ڕۆژێک دەگاتە جێ نامەیەک بۆ پیرە هەڵۆ نووسینی سەعید عەبدوڵڵا، مومتاز حەیدەری ڕۆڵی لە کەلتووری کوردیدا نووسینی کەژاڵ ساڵح، پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵ.. قەڵەمێکی حەفت ڕەنگ دیمانەی حەیدەر عەبدوڵڵا لەگەڵ مومتاز حەیدەری، ئەندێکسی گۆڤاری لەیلا قاسم – لەیلا زانا ئامادەکردنی مۆفەق میراودلی، لەگەڵ چەند بابەتێکی دی.

هونەرمەندان یەکەمین پلاتفۆرمیان ئەنجامدا



خەبات: خالدار قەوالی

ڕۆژی 13ی شوبات لە هەولێر بە ئامادە بوونی چەندین هونەرمەندی ناسراوی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان یەکەمین پلاتفۆرمیان ئەنجام دا بۆ ئامادە کاری گەورەترین کۆنسێرت لە کوردستان دور لە بیرکردنەوەی سیاسی و حزبی چونکە هونەرمەند مولکی گشتییە نەک تاکە کەس یاخود لایەنێک هەر یەک لە هونەرمەند شڤان پەروەر و نازدار و لالۆ ڕەنجدەر و دکتۆرە بەلقیز و دیار دێرسیم و مهابات قەرەداغی و وریا محمد و خلیل غەمگین و موزیسیان هەڵبەست سەلاح و چەندین هونەرمەندی دیاری باکور و باشور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات پاش داگیرکردنی عەفرین و سەری کانی هونەرمەندان بیریان لەوە کردەوە بۆ پشتگیری لەگەلی کورد گەورەترین کۆنسێرت لە چوار پارچەی کوردستان ئەنجام دەن دژ بە دوژمنانی گەلی کورد ئەم پلاتفۆرمە کە زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاند و بە گفتوگۆی کراوە و پێشنیار و ڕاو بۆچوون چەندین هونەرمەند ناویان تۆمارکرد و ئامادەی تەواوی خۆیان دەربڕی بۆ بەدی هێنانی کۆنسێرتەکەو هەر هونەرمەندێک پێی خۆش بێت بەشدار بێت دەتوانێ پەیوەندیان پێوەبکات و ناوی تۆمار کات و پلان دانان لە ڕۆژانی داهاتوو و کۆبوونەوە تاکو ئێستا هیچ داواکاری ماددیان لە هیچ شوێن و لایەنێک نەکردووە.

خەڵاتی زێڕینی تونسیان هێنایانەوە کۆیە



بەرهەم شێخ عزەدین: شانۆکار و دەرهێنەری شانۆی (د.کیفی ئەحمەد) دەربارەی بەشداریان لە چوارەم خولی دیداری نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی قگار لەوڵاتی تونس بەخەباتی گوت: بە داوەتنامەیەکی فەرمی لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری وڵاتی تونس بەشداریمان کرد لە چوارەم خولی دیداری نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی قگار لە دیدارەکە حەوت وڵات بەشدار بون بە بە 13 نمایشی شانۆیی شەقام ئێمەش وەک : بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری کۆیە ،گروپی شانۆ بۆ شانۆی شەقام- کۆیە بە شانۆیی نامەکانی دەریا لە بیرۆکە و دەرهێنانی: هونەر تاهیر لە نواندنی، د.کیفی ئەحمەد و فەرەیدون حمدامین ،مۆسقا(ڕەوەز مەولود) توانیمان خەلاتی یەکەمی ئالتونی وەک باشترین بەرهەم بە دەست بهێنین کە بەرزترین خەلاتی فیستیڤاڵەکە بوو.

کەنەدا.. ئێسک و پروسکی دایناسۆرێکی ١١ ملیۆن ساڵی دۆزرایەوە



چەند زانایەک بە سەرۆکایەتی دکتۆر جاوید ڤۆریس لە زانکۆی گالگای، بۆ یەکەمجار جۆرێکی نوێ و نەزاندراوی دایناسۆری تراینا‌سۆر دەدۆزنەوە.ئێسک و پروسکی ئەم جۆرە دایناسۆرە کە لە ئاکامی کەنە و پشکنینی شوێنەوارناسییەوە دۆزراوەتەوە لەلایەن ڤۆریس–ەوە ناوی reaper of death'(فریشتەی مەرگ)ی لێ ندراوە. رایشیگەیاندووە تایبەتمەندی جیاکەرەوەی ئەم دایناسۆرە لە تراینا‌سۆرەکانی دیکە ئەوەیە بەرزی لە سمتییەوە ٤،٢ مەترە. میژووی ئەم دایناسۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ١١ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر. بەمەبەش دەبێتە کۆنترین جۆری تراینا‌سۆر لە کەنەدا دۆزرابێتەوە.وردەکاری ئەم توێژینەوە زانستییە لە گۆڤاری زانستی ''Journal of Cretaceous Research''بڵاو کراوەتەوە.